کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٦٣ -پووشپەڕی ١٤٠٤-ژوئیەی ٢٠٢٥



## پەیامی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە، لە گەرمەی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا

لە ٢



## پێویستی خەبات و خۆڕاگریی گشتی دژبە سیاسەتی لەسێدارەدان و زیندان

لە ٧



## شەپۆلی نوێی دەرکردن و سیاسەتی دژە ئەفغانستانی کۆماری ئیسلامی

لە ١١

## سەروتار

### ناکۆکی نانەوە سیاسەتێک لە خزمەت مانەوەی کۆماری ئیسلامیدا

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە ڕژیمی ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی گرتوویەتە بەر، ناکۆکی نانەوە لەئاستی جۆراوجۆر لە نێوان خەڵك دایە. ئەگەرچی ئەم سیاسەتە پێشینەیەکی بەقەد دەسەڵاتی ٤٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە بزووتنەوە مەدەنی و نارەزایەتییەکان لە ئێران پەرەیان سەندووە و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان بردووەتە ژێر پرسیارەوە، ئەم سیاسەتە بە شێوەی بەرینتر و جۆراوجۆرتر بەڕێوەچووە. ئەم سیاسەتە لە ژووری فیکریی باڵاترین ئاستەکانی ڕژیم دادەڕێژرێت و بەڕێوەبردنی بە ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان دەسپێردرێ. چەند نموونەی خوارەوە لەم بوارەدا ئەم سیاسەتە دژە مرۆییەی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا دەکەن کە پێویستە بەردەوام لەقاو بدرێت و ڕسوا بکرێت

کەڵك وەرگرتن لە کەمبوونی ئاو بۆ ناکۆکی نانەوە: ئەم سیاسەتە نوێترین نموونەی ناکۆکی نانەوەی ڕژیمە بۆ ئەوەیکە خەڵکی ئۆستانە جۆراوجۆرەکان دژبە یەکتری هان بدات. بۆ نموونە بە پێی گەڵاڵە کارناسی نەکراوەکان، حەقئابەی کەشاوەرزانی ئیسفەهان بە کەشاوەرزانی یەزد و کرمان دەدەن تا ئەوان هاوچارەنووسیی خۆیان لەبیر بکەن و بێ ئاویی خۆیان بخەنە ئەستۆی کەشاوەرزانی هاوسایان. هاوکات مۆرە مەحەلییەکانی ڕژیمیش تەپڵی ناکۆکی لە نێوان خەڵکی هەر دوو ئۆستانەکە دەکوتن

خوڵقاندن و توندکردنەوەی ناکۆیی ئایینی: ئیمامانی جومعە و پەرەپێدەرانی ئایینی شیعە

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## درێژە ی سەروتار

هیچ دەرفەتێك بۆ هاندان و ئاژیتاسیۆن لە مەنبەری مزگەوتەکانەوە دژبە باوەڕی کەسانی سوننی مەزهەب لەدەست نادەن و هەوڵ دەدەن مەلا سوننی مەزهەبەکان ناچار بە کاردانەوە بکەن. لە حاڵێکدا کە پتر لە یەك ملیۆن کەس لە پەیڕەوانی مەزهەبی سوننی لە تاران دەژین، لە ٣ هەزار مزگەوتی ئەمشارە تەنانەت یەك مزگەوتیش بۆ پەیڕەوانی ئەم ئایینە تەرخان نەکراوە. لە چالاکیی سەلەفییە توندڕەوەکان لە شارەکانی کوردستان چاوپۆشی دەکەن تا بەڵکوو ئاگری شەڕ لە نێوان خەڵکی چەپ و سێکۆلار و سەلەفییەکان داگیرسێ. هەوڵ بۆ ڕووبەڕوو کردنەوەی خەڵکی نەتەوە جۆراوجۆرەکان دژبە یەکتر: لە خووزستان خەڵکی خۆجێیی عەرەب دەخەنە بەرامبەر خەڵکی فارس زمان و لەڕێگەی داسەپاندنی هەژاری و بێ مافیی زیاتر بەسەر خەڵکی عەرەب، بەستێنی ناکۆکی و گرژیی نەتەوەیی و زمانی دەخولقێنن

لە ئازەربایجان چاوپۆشی لە چالاکیی گرووپە پان تورکیستەکان دەکەن تا خەڵکی تورك بخەنە بەرامبەر خەڵکی کورد و باقیی نەتەوەکانی دیکە.

پەیامی ئەم سیاسەتەی ڕژیم بۆ خەڵکی ئێران ئەوەیە کە: لە ترسی توندبوونەوەی ئەم ناکۆکییە قەومییانە و بەلیبی بوون و بەعێراقی بوون بارووددۆخی ئێران، باشتر وایە لە ماڵەکانتاندا بمێننەوە، بەوەی کە هەتانە ڕازی بن، تا تووشی ڕۆژگارێکی خراپتر بەبن! ئەوپەڕی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانە و مەترسیدارە لە کوردستان و ئازەربایجان، بەتایبەت لەو شارانە بەرێوەدەچێت کە بە درێژایی مێژوو خەڵکی کورد و تورك لەپەنا یەکتر لە ئاشتیدا ژیاون. گەشاندنەوەی ئاگری ناکۆیی نێوان خەڵکی تورك و کورد و پاشان پشتیوانیی ڕیاکارانە لە خەڵکی تورك بەرامبەر بە کورد، سیاسەتێکی یەکجار مەترسیدار و کۆنەپەرستانەی ڕژیمە. سیاسەتێك کە لە ساڵی ١٣٥٨دا شەڕێکی خوێناویی لە شاری نەغەدە هەڵگیرساند و خوێنی زۆر کەس بە ناڕەوا لەم شارە ڕژان و کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی دوو گوندی قاڕنێ و قەڵاتانی لێکەوتەوە. حکوومەتی ئیسلامی، مەلا حەسەنی ئیمام جومعەی ئەوکاتی ورمێ ڕێکخەر و بەڕێوەبەری سەرەکیی ئەم جەنایەتە بوون خەڵکی کورد و تورك بۆ سەدان ساڵ لەپەنا یەکتر و لە هاوسایەتیی یەکتردا ژیاون و پەیوەندی پتەوی بنەماڵەیی، تیجاری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان بووە و بە دەیان جار یەکگرتووانە دژبە کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری خەباتیان کردووە. حکوومەتی ئیسلامی و کۆنەپەرستانی مەحەلی کە یەکگرتوویی و هاوچارەنووسیی ئەم خەڵکە بە زەرەری خۆیان دەزانن، لە هیچ پیلانگێڕی و جەنایەتێك دەریغیان نەکردووە تا لەڕێگەی پەرەپێدانی ناسیۆنالیسمی کوێر و بەرچاوتەنگ، بە بەهێزکردنی دەمارگرژی و هەڵاواردن، بە ئاواڵەکردنی دەستی چالاکانی توندئاژۆ، بەستێنی شەڕ و تێکهەڵچوونی نەتەوەیی و ئایینی بخولقێنن. ڕووداوی ئەم دوایانەی شاری نەغەدە کە شارێکی کورد و تورك نشینە و پشتیوانیی یەك لایەنەی ڕژیم لە توندڕەوەکانی تورك، دوایین نموونەی ئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە

بەخۆشییەوە خەڵکی وشیاری شاری نەغەدە چ کورد و چ تورك بەخێرایی لە ماهییەتی کۆنەپەرستانە و مەترسیداری ئەم گرژی و ناکۆکییەیانە گەیشتن و داوایان لە خەڵك کرد کە خۆڕاگر و یەکگرتوو بن. نەغەدە شارێکی دوو میلییەتی بووە و دەشمێنێتەوە و پێویستە هەوڵ بدرێت لەڕێگەی کۆتایی هێنان بە هەمووجۆرە هەڵاواردن و نابەرابەرییەك لە نێوان دانیشتووانی ئەم شارە لەوانە ئازەری و کورد، هاوچارەنووسی و زەرورەتی یەکگرتوویی دژبە کۆنەپەرستانی مەحەلی، دەست و پەیوەندەکانی حکوومەت و گشت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرجەستە بکرێتەوە. بێگومان سیاسەتی کۆنەپەرستانەی شەڕ و ناکۆکی نانەوە لە نێوان خەڵکی ئێران لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێتەوە و ئێمە بەخۆشییەوە شایەدی سەرهەڵدانی ئەم ئاستە لە وشیاری و شعووری کۆمەڵایەتی لە نەغەدە بووین

****

# پەیامی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە، لە گەرمەی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا

هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە، لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنیدا دوای وەڵامدانەوە بە چەند پرسیار و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە بنبەستەکانی کۆماری ئیسلامی نەک تەنها لە ئاکامی ئەو شەڕە، بەڵکوو لە ئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتیدا، دەمێکە خەریکە کۆمەڵگای ئێران لە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی نزیک دەکاتەوە، کە ئەم وەرچەرخانە دەتوانێ هەم بەباری باشدا بشکێتەوە و هەم بەباری خراپدا. دواتر لەم پێوەندییەدا وتی، پەیامی ئێمە ڕوو بە جەماوەری خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە: دەتوانین و دەبێ ئەم وەرچەرخانە بەباری باشدا بشکێنینەوە

**لەم پێوەندیەدا چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە نابێ هەرگیز لەیادیان بکەین**

**یەکەم:** کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێویستە ئەو ڕاستییە بزانن و ئەزموونی هەموو جیهانیش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئازادی، یەکسانی، ژیانی ئاسوودە، ئەمنیەت و ئاسایش، دێموکراسی و مافی مرۆڤ، واتە هەموو ئەو شتە باشانەی کە ئاواتەخوازیانین، خەڵاتێک نین کە زلهێزەکانی ئەم سەردەمەی ئێمە لە دەرەوەڕا بۆمان بەدیاری بێنن و دوودەستی پێشکەشمان بکەن. ئەمانە بە دەست نایەن مەگەر بە هێز و ئیرادەی خۆمان، بە خەباتی خۆمان، بە ژیری خۆمان و بەکارهێنانی دەرفەتەکان نەبێت. لەوانەیە ئەوان ئەو ڕژیمەش بڕووخێنن، بەڵام بە دڵنیاییەوە نەک بۆ ئێمە بەڵکوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن و بەرژەوەندی ئەوانیش لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی چەوساوە و ستەملێکراو یەک نییە. نموونەی لیبی و ئەفغانستان و سووریا. بۆ ئێمە ڕزگاری بەو واتایانەی کە باسمان کرد، بە بێ کاری وشیاریدەرانە و ڕێکخراو و جەماوەری بە مسۆگەر و سەقامگیر نابێت

**دووەم:** نە خەڵکی کورد و نە هیچ خەڵکێکی تر، بە خەباتی خۆڕسک، بەبێ بەرنامە، بەبێ ئامانجی ڕۆشن، بەبێ وشیاری و بەبێ ڕابەرییەکی جێگەی متمانە، سەرکەوتنی پایەدار و جێکەوتوو بە دەست ناهێنێت. سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و شۆڕش لە کوردستان دەتوانێ ئەو پێداویستیانەی خۆی دابین بکات، ئەوە بەس نییە کە بڵێین ڕژیم لاوازبێت. دیارە ئەوە مەرجێکی زۆر گرنگە، بەڵکوو پێویستە بچین بەرەو ئەوەی کە ئەو توانایی و پۆتانسێلە بە کردەوە دەربێت. ئەوەی مەترسیدارە ئەوەیە کە ئەو نەفرەت و تووڕەیی و بێزارییە ڕەوایەی کە لەناخی خەڵکی ئەو وڵاتەدا پنگی خواردووەتەوە، وایان لێ بکات کە هەستەکان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

درێژە ی لاپەڕەی٢

بە سەر عەقڵ و هۆش و ئەزموونەکانماندا زاڵ بن و نەتوانین لە دەرفەتەکان بە باشی کەڵک وەربگرین. کاری سەرکەوتن دژوارتر و سەرکەوتن دوورتر دەکەینەوە. لەم بارەوە باوەڕ بە ئەزموونی کۆمەڵە بکەن کە لە کوانووی خەباتێکی ٥٠ ساڵە و زیاتریش دا خاراوە و بە ڕاستگۆیی و سەداقەت لە گەڵ جەماوەر ناسراوە، بێگومان هەلەکان و دەرفەتەکانیش دەناسێت و لە دەستیان نادات

**سێیەم:** پێکهاتنی بۆشایی دەسەڵات، بەهۆی ئەم بارودۆخەی کە هاتووەتە پێش، ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە. ئەو بۆشاییە پێویستە، بە هێزی جەماوەر پڕ بێتەوە. نەورۆزی ئەمساڵ و نەورۆزی ٤٦ ساڵ لەوەپێش، ئەو پۆتانسێلەمان بەڕوونی نیشان دەدات. ٤٦ ساڵ لەوەپێش، بە دوای ڕووخانی ڕژیمی شادا کە بۆشایی دەسەڵات لە کوردستان پێکهات، ئەو بۆشاییە بە دەستی جەماوەر بە خێرایی پڕکرایەوە. شۆڕای شار و دێهاتەکان پڕیان کردەوە. لە شاری سنە ئەزموونی بنکەکانمان دیت کە بە ڕێکوپێکترین شێوە، ژیانی خەڵکیان ئیدارە کرد. ئەمساڵ لە ڕێوڕەسمە جەماوەرییەکانی کە بە بیانووی نەورۆزەوە و بۆ ماوەی دوو مانگ لە هەموو کوردستان بەڕێوەچوو، گەشەی کۆمەڵگای مەدەنی، توانایی خۆڕێکخستن و وشیاری کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکانمان لە ئاستی جەماوەری دا




بینی. بێگومان سبەی ڕۆژ و بە پێکهاتنی بۆشایی دەسەڵات، ئەو تواناییانە دەتوانێت بکەوێتە کار و بەخێرایی شۆڕای گەڕەک و دێهات، شۆڕای کارگە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، شۆڕای شار، بنکەی زەحمەتکێشان و هەر دامەزراوەیەکی مەدەنی کە نوێنەرایەتی دەنگ و ئیرادەی خەڵک بکات، جێگەی دامەزراوە حکوومەتییەکان بگرنەوە. ڕێگە مەدەن کوردستان ببێت بە مەیدانی خۆنواندنی هێزی چەکداری ئەم حیزب و ئەو حیزب. هێزی چەکدار بەو ڕادەیەی کە پێویست بێت، لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دامەزراوانەدا بێت کە بە ئیرادەی خەڵک دیاریکراون. لە بیرمانە لە ساڵی ١٣٥٨دا کۆمەڵە کە هێزی سەرەکی شاری سنە بوو، تەنها ٧٥ پێشمەرگەی بوو کە ئەویش بۆ پاراستنی مەقەڕەکان و کادرەکانی بەکاری دەهێنان. بەڵام بنکەکان کە مەیل و بۆچوونی جیاوازیشیان تێدابوو، هەم چەکدار بوون و هەم شاریان بەڕێوەدەبرد. هەر ئەو بنکانە چەند مانگ دواتر بوون بە هێزێکی جەماوەریی بۆ خەباتی پێشمەرگانەی دوارۆژ

**چوارەم:** هونەری حیزبی پێشڕەو ئەوەیە کە سەرکەوتن بە کەمترین زەرەر و زیان مسۆگەر بکات

دەزانم خەڵک بۆ ئازادی ئامادەی فیداکارییە، بەڵام دەبێ وا ڕەفتار بکەین کە دەمانەوێت هەمووان لە بەرهەمی ئەو ئازادییە بیچێژین. هەر بۆیە دەبێ خۆمان لە هەر چەشنە سەرکێشییەک بپارێزین، کایە بە ڕاپەڕین نەکەین و وریای بانگەوازی نابەوەختی ئەم و ئەو بین. دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە هەر چەشنە سەرهەڵدانێک، ئەگەر ئاگایانە نەبێت، ئەگەر ڕێکخراو نەبێت و ئەگەر ئامانجی کۆمەڵایەتی ڕۆشنی نەبێت، چارەنووسی نادیارە. ئێمە نامانەوێت کۆمەڵگا بەرەو چارەنووسی نادیار بەرین

**پێنجەم:** ئێمە دەزانین کە بەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، دەسکەوتێک ئەگەریش بۆ ماوەیەکی کاتی بە دەست بێت، پایەدار نابێت. کەوایە خەباتی خەڵکی کوردستان پێویستە هاوئاهەنگ لەگەڵ خەباتی سەرتاسەری لە هەموو ئێران بەرەوپێش بچێت و پشتیوانی خەڵکی هاوپەیمان و هاوچارەنووس لە هەموو ئێران بۆ خۆی دەستەبەر بکات و خۆشی پشتیوانیان بێت. شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دیمەنێکی درەوشاوەی ئەو هاوپەیمانییە بوو. لە کوردستانی شۆڕشگێڕەوە سەری هەڵدا و بانگەوازەکەی لە هەموو ئێران وەڵامی وەرگرتەوە و لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە

هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە لە هەر شوێنێک کە هەن، پێویستە بەم ئاراستەیە لە هەموو بوارەکاندا حوزووریان هەبێت و لە گواستنەوەی ئەو دەرس و ئەزموونانە یارمەتی دەرەی خەڵک بن

****

# ڕووخاندنی ڕژێم بەڵێ، بەڵام بەدەستی جەماوەر

سەرەنجام دوای ١٢ ڕۆژ شەڕی ماڵوێرانکەر کە بە هێرشی دەوڵەتی جینایەتکاری ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەستیپێکرد، ئاگربەست ڕاگەیەندرا و هیواداریین کە ئەم ئاگربەستە دەستپێکی کۆتایی هاتنی شەڕەکەش بێت. هۆکاری ئەم ئاگربەستە هەرشتێک بووبێت، هەر ئەوەی کە کۆتایی شەڕێکی دژە خەڵکی کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچێتە چاوی خەڵکی هەردوو وڵاتی ئێران و ئیسرائیلەوە، خواستێکی واقیعی خەڵکی هەردوو وڵات و بەتایبەتی ئێران بوو. بەڵام تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، واقیعییەت ئەوەیە کە ئەم شەڕە و ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، هاوسەنگی هێزی لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە زیانی کۆماری ئیسلامی گۆڕی. ئەم ڕژێمە لە بەرچاوی خەڵک لەوە لاواز و بێ هێزتر خۆی نیشاندا کە بیری لێدەکراوە. دوای ئەم شەڕە، حوکمڕانی بەسەر جەماوەرێکی تووڕە و ناڕازیدا بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کارێکی ئاسان نابێت. پێکهاتەی ڕێبەرایەتی ڕژێم دوای ئەم شەڕە هەرچییەک بێت، جەماوەری ناڕازی لەسەر بەدواداچوون بۆ ویست و داواکارییەکانی خۆیان بەردەوام دەبن. بزووتنەوە پێشڕەو و پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکان گەشە دەکەن، ڕێکخراو و وشیارتر دەبن. سەرکوتی بزووتنەوە داواکاری تەوەرەکان بۆ ڕژێم ئاسان نابێت. پرۆسەی ڕووخانی ڕژێم هاوکات پرۆسەی شکڵگرتنی ئاڵتەرناتیڤەکەشی دەبێت. ئەم ئاسۆیە و ئەم ستراتێژییە، ڕاستەوخۆ بەدیلی ستراتێژی ئەو ڕەوتانەیە کە چاوەڕوانی ئەوە بوون کۆماری ئیسلامی بە شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئەم ڕژێمە بڕووخێت. ئەوان هێندە بەوە گەشبین بوون کە تەنانەت لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکایان نەدەبیست کە بەردەوام دەیانوت، ئەوان بە تەمای گۆڕینی ڕژێم نین. بەڵام با وای دابنێین کە دەوڵەتی ئەمریکا پلانی گۆڕینی ڕژێمیشی هەبێت و هەنگاوی بۆ بنێت، لەم حاڵەتەدا با چاوێک بخشێنین بەسەر دوو ئەزموون لە ناو گەلێک ئەزموونی لەو چەشنەدا بۆ ئەوەی ببینین ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە ئازادی و دێموکراسی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک بە دیاری نەهێناوە و ناهێنێ و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا

درێژە لە لاپەڕەی ٤

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٦٣ -پووشپەڕی ١٤٠٤ -ژوئیەی ٢٠٢٥

پێشڕەو

درێژە ی لاپەڕەی ٣

هەموو ئەمانە بە ئاسانی ژێرپێ دەنێت

دەوڵەتی ئەمریکا هەرلەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بووە هۆی کەوتنی دەسەڵاتی تالیبان لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١ و کەوتنی دەوڵەتی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ئاکامەکانی لە بەرچاوی هەموو خەڵکی جیهاندایە. ئەرتەشی ئەمریکا لە لوتکەی هاوپەیمانییەکدا بە ناوی شەڕ لەدژی تیرۆر و دابینکردنی دێموکراسی و مافەکانی ژنان، هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و ساڵی ٢٠٢١ بە شکستێکی مێژوویی لەو وڵاتە پاشەکشەی کرد. کوژرانی دەیان ژن و پیاو و منداڵی بێ دیفاع، وێرانکردنی ئابووری و ئاوەدانی وڵات، پەرەسەندنی گەندەڵیی هەمەلایەنە، ئاوارەکردنی چەندین ملیۆن مرۆڤ و گەڕاندنەوەی تالیبان و تەیارکردنیان بە جۆرەها چەکوچۆڵ، تەنیا بەشێک بوو لە دەرئەنجامەکانی هێرش و دەستێوەردانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئەفغانستان. ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ئەم هێزە ئیسلامییە کۆنەپەرستەدا، ژنان لە مافی ئینسانی و سیاسی خۆیان بێبەش کراون، کچان ڕێگریان لێ دەکرێت بچنە قۆناغەکانی خوێندنی دوای سەرەتایی. ملیۆنان کرێکار لە ئەفغانستان بێکارن و ٢٨ ملیۆن کەس بە یارمەتی ڕێکخراوە




مرۆڤدۆستەکان درێژە بە ژیانی پڕ ئازاریان دەدەن. ١٥ی مارسی ساڵی ٢٠٢٣، بیست ساڵ بەسەر داگیرکاری عێراق لەلایەن هاوپەیمانییەکەوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا تێپەڕی. ئەو داگیرکارییە بە بیانووی درۆینەی «چەکە کۆ مە ڵکو ژ ە کا ن » دەستیپێکرد. لەم هێرشەدا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسی سڤیلی عێراقی کوژران، جگە لە بیرە نەوتییەکان، باقی شوێنەکانی وەک مۆزەخانەکان تالان کران، ژمارەیەکی زۆر لە زانایان کوژران یان ناچاربوون وڵات بەجێ بهێڵن، بناغەکانی ئابووری وێران کران، چەند سەد هەزار کەس بە هۆی شەڕی تائیفی شیعە و سوننەوە گیانیان لەدەستدا و زەمینە بۆ سەرهەڵدانی هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانی وەک القاعیدە خۆش بوو

پێش هێرشە تازەکەی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر شارەکانی ئێران، بزووتنەوە خەباتکار و شۆڕشگێڕەکانی کرێکاران، خانەنشینان، ژنان و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازەکانی تر لەسەر بەستێنی دژوازی و قەیران و گەندەڵی جێگیری نیزامی ئیسلامی، ترسی مەرگیان خستبووە دڵی ئەم ڕێژیمەوە. ئەو شەڕە ١٢ ڕۆژەی ئێستا، بە شێوەیەکی کاتی ئەم پرۆسەیەی ڕاگرتووە. هەندێک لەو هێزە کۆنەپەرست و سەڵتەنەتخوازانەی کە بۆ گەیشتن بەدەسەڵات هیوایان لەسەر دەوڵەتی ئەمریکا و هێزە گوێڕایەڵەکەی واتە، دەوڵەتی نەژادپەرستی ئیسرائیل، هەڵچنیبوو، زۆر ساویلکانە داوایان لە خەڵک دەکرد کە لەم بارودۆخە شەڕلێدراوەدا ڕاپەڕن. ئەم هێزە پاسیڤانەی کە دەنگیان لە جێگایەکی گەرمەوە دێت، چاوەڕوانی ئەوەیان لە خەڵکی بێزار لە حکوومەتی ئیسلامی دەکرد لە بەرامبەر ڕژێمێکدا کە هەموو هێزی سەرکوتی خۆی کۆکردبۆوە و هێناوبوویە میدان، ژیان و تەندروستی خۆیان بخەنە مەترسییەوە، تا ئەوان لانیکەم هێزی خۆیان بە ئەمریکا پیشان بدەن و بۆ نموونە ڕژێم بڕووخێنن، کە بینیمان چۆن ئەژنۆی نائومێدییان لەباوەش گرت. بەڵام لە بەرامبەردا،

**پێشڕەوانی ئەم جەماوەرە، کە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» دا، دروشمی «نە شامان دەوێ، نە ڕێبەر، مەرگ و نەمان بۆ ستەمگەر»یان بەرز کردەوە**

ڕێگەچارەیەکی جەماوەریی و گونجاویان خستە بەردەم خەڵک. ئەوان داوایان لە خەڵک دەکرد کە لە بارودۆخی شەڕدا بە هانای یەکترەوە بچن و لەم ڕێگەیەوە هاوپشتی ئینسانیی خۆیان بۆ قۆناغی دوای شەڕ بەهێز بکەن. هەر لەم پەیوەندیدا بوو کە کۆمەڵێک لە لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕاگەیاندنێکیان بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «بەرنامەیەک بۆ ڕێکخستنی جەماوەر لە بارودۆخی شەڕ و قەیرانەکاندا» و وەک هەنگاوێکی کردەیی بۆ بەرگریکردن لە خەڵک و ژیان و کەرامەتی مرۆڤایەتی ناویان برد. ئەوان بە تەئکیدەوە وتیان کە ئەم بەرنامەیە سەربەخۆیە لە هەر دام و دەزگایەکی حکوومەتی و پشتبەستووە بە خۆڕێکخستنی جەماوەریی و هاوپشتی چینا یە تی

ئەم هێزە شۆڕشگێڕ و وشیارە لە بڕگەی یەکەمی ڕ ا گە یا ند نە کە یا نـد ا نووسیویانە: بەرگریکردن لە ژیان و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤەکان لە بەرامبەر شەڕ و دیکتاتۆریەت و هەژاریدا، ئەرکی هەموو لایەکە. لە بڕگەی دووەمدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە پشت بە خۆمان ببەستین، بە کاری ڕێکخستن لە شوێنی ژیان، ناوەندەکانی کار، گەڕەک و گوندەکان، دامەزراوە جەماوەرییەکان پێک بهێنین. ئەوان دوای دەستنیشانکردنی ڕێنمایی کردەیی بۆ دابینکردنی هاوپشتی، پاراستنی خۆیان و لەقاودانی پڕوپاگەندەی ڕژێم و دوژمنە چینایەتییەکان، قامکیان لەسەر داواکارییەکی سەرەکی و وردبینانە داناوە و نووسیویانە: خۆمان بۆ سەردەمی دوای ڕووخانی ڕژێم ئامادە بکەین: گواستنەوەی دەسەڵات تەنیا دەبێ لە ڕێگەی شۆڕاکانی جەماوەرەوە ئەنجام بدرێت، نەک لە ڕێگەی هێزە نیزامی و هەلپەرستەکانەوە. لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەو ڕاگەیاندنەدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە هەر چەشنە ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم و هەڵاواردنێکی ڕەگەزی یان نەتەوەیی ڕەت دەکەینەوە. ڕزگاری سەرجەم نەتەوە و ڕەگەزەکان، لە گرەوی ڕزگاری هەمووماندایە. ڕاگەیاندنەکە دوای ئاماژە بە خواستی یەکسانی تەواوی مافەکانی ژنان و پیاوان و هەروەها هاوخەباتی لەم قۆناغەدا، بەم ڕستەیە کۆتایی پێدێت: ئێمە بۆ کەس شەڕ ناکەین و هیوامان بە هیچ هێزێک نییە. ئەگەر یەکبگرین و خۆمان ڕێکبخەین و ڕاستەوخۆ بڕیار بدەین، هیچ هێزێک ناتوانێت ژیانمان تێکبدات. ئێمە جگەرگۆشەکانمان بۆ داهاتوویەکی ئینسانی و ئازاد ئامادە دەکەین. چارەنووسی ئێمە لە دەستی خۆماندایە

****




مێژووی خەباتی ماندوویی نەناسانەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، مێژووی خەبات و خۆڕاگری و مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. ٤٦ ساڵ لەمەوبەر بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا دانرا کە کۆمەڵگای ئێران لە بەردەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی مێژووییدا بوو. لە لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵک بە شۆڕشێکی جەماوەریی لە چنگ دەسەڵاتی دیکتاتۆری پاشایەتی ڕزگاریان بوو و دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا تا هەناسەیەک بە ئازادیی هەڵبکێشن و لە لایەکی دیکەشەوە ترسی زاڵبوونی ڕژێمێکی لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرست و دوژمنی ئازادی کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، کۆمەڵگەی ئێرانی داگرتبوو. ڕەوتی ئیسلامی ئەرکی بێدەنگکردنی دەنگی شۆڕشی ئێرانی لە ئەستۆ گرتبووە و لە هەموو گۆشەیەکی ئێران پرۆسەی سەرکوتکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی بەڕەوپێش دەبرد بەڵام لە کوردستان دۆخەکە جیاواز بوو. لاوازیی ڕەوتی ئیسلامی و کاریگەریی سیاسەت و هزری چەپ و ڕادیکاڵ و نائاینی لە نێو خەڵکدا و هەروەها بوونی حیزبە سیاسییەکان و هیتر... بەشێوەیەکی گشتی هاوسەنگییەکی جیاوازی هێزیان دروست کردبوو. کرێکارانی چەوساوە، خوازیاری ژیانێکی باشتر بوون، زەحمەتکێشانی گوند کە لە ژێر کۆت و بەندەکانی پاشماوەی سیستەمی کۆنی ئاغا و دەرەبەگایەتی، ڕزگاریان ببوو، ژنانی تینووی مافی یەکسان و ئەو جەماوەرە خەڵکەی کە نەیاندەویست چیتر باری ستەمی نەتەوەیی لەسەرشانیان قورسایی بکات، سەرجە ئەو ویست و ئاوات و ئامانجانە لە بزووتنەوەیەکی بەرخۆدانی جەماوەریدا خۆی نیشاندا. بزووتنەوەیەک کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕژیمە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەی کە هەڕەشە بوو بۆسەر دەستکەوتەکانی شۆڕشی کۆمەڵانی ئازادیخواز. سەرەتا کۆنەپەرستانی ناوخۆیی و پاشماوەی سیستەمی ڕزیوی دەرەبەگایەتی، هەوڵیاندا بە پشتبەستن بە حکوومەتی ناوەندی پێگەی لەدەستچووی خۆیان سەرلەنوێ بەدەست بهێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان کردبوو بە دروستکردنی باندی چەکداری و هەڕەشەیان لە زەحمەتکێشانی گوندەکان دەکرد. کۆمەڵە بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی ئەم ڕەوتە، بانگەوازی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی کرد کە لە نێو یەکێتیکانی جووتیاراندا کۆببنەوە و بە شێوەیەکی ڕێکخراو و چەکدارانە داکۆکی لە مافەکانیان بکەن

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، ناوەندەکانی مەشق و بارهێنانی نیزامی کۆمەڵە لە باکوور و باشووری کوردستان بۆ ئامادەکردن و پەروەردە کردنی کادر بۆ هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دامەزران. بڕبڕەی پشتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە لایەن ئەو خەباتکارانەوە پێکهات کە لەو ناوەندانەدا مەشق و ڕاهێنانیان پێکرابوو. هێزی یەکێتیکانی جووتیاران بە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە، لە "مەریوان، دیواندرە، کامیاران، سەردەشت، بۆکان و مەهاباد"، ئەرکەکانی خۆیان سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاند. زەوی و زارەکان بەسەر جووتیارە هەژارەکاندا دابەشکران و گروپە چەکدارەکانی ئاغاکان لەبەریەک هەڵوەشێنرانەوە. جۆش و خرۆشی ئەو زەحمەتکێشانەی کە بە دەستی خۆیان سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو و بە ئایندەیەکی گەش ئومێدەوار ببوون و هەروەها ئەو کەشوهەوا سیاسی-دێموکراتیکەی کە هەموو کۆمەڵگای کوردستانی داگرتبوو، ئەم ناوچەیەی کردە سەنگەرێکی بەهێز بۆ بەردەوامیی شۆڕشی ئێران

بەرفراوانبوونی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە و گەشەکردنی تواناکانی، لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەردا کە لە چەندین ڕووداوی مێژوویی وەک کۆچی خەڵکی مەریوان، مانگرتنی گشتی یەک مانگەی خەڵکی شاری سنە بەمەبەستی دەرکردنی سپای پاسداران لەو شارە، ڕێپێوانگەلێکی گەورە و پڕشکۆ بەرەو شاری مەریوان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەم شارە و چەککردنی هێزی کۆنەپەرستی ناسراو بە "سەپای ڕزگاری"، کە لەلایەن شێخەکانی ناوچەکەوە ڕێکخرابوو، خۆی نیشاندا. هیچکام لەمانە کە ئاسۆیەکی جیاوازیان بۆ ئایندەی شۆڕشی ئێران لەبەردەمدا بوو، لە لایەن ئەو ڕێژیمە ئیسلامییە کۆنەپەرستەوە کە تازە بەدەسەڵات گەیشتبوو، تەحەمول نەدەکرا. هەر بەو هۆیەشەوە، دوای ماوەیەک فریوکاری و کات کوشتن، هەموو دەرگاکانی دیالۆگ و دانوستانی داخست و دوای خوڵقاندنی چەند کارەساتێکی وەک کۆمەڵکوژیی "قارنا و قەڵاتان" و شوێنەکانی دیکە، بە فەرمانی خومەینی لە ٢٨ی خەرمانانی ١٣٥٨دا لەشکرکێشییەکی بەرفراوان و دڕندانە بۆسەر کوردستان دەستی پێکرد.

کۆمەڵە بانگەوازی خەڵکی کوردستانی کرد کە لە هەموو بوارەکاندا بەرەنگاری ئەم لەشکرکێشییە ببنەوە. خەڵکی کوردستان بە گەرم و گوڕی پێشوازییان لەو بانگەوازە کرد و مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە وانە و ئەزموونی چل و شش ساڵی ڕابردوویان خوڵقاند. لەو کاتەوە تا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەردەوام هاندەری خەبات و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵک بووە و بۆخۆی وەک پێشەنگ و سەرقافڵەی ئەو خۆڕاگری و فیداکارییە ڕۆڵی بینیوە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ماوەی بوونی خۆی لە مەیدانی خەباتی سیاسی و چەکداریی لە دژی چەوساندنەوە و سەرکوتگەرییەکانی حکوومەتی ناوەندی

درێژە لە لاپەڕەی ٦

پێشـــڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
:Add
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست باش بڵاوبوونەوی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.



درێژه ی لاپەڕەی٥

و داکۆکیکردن لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە چەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و کۆمەڵێک نەریتی بەنرخی لەم کۆمەڵگایەدا جێخستووە. پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک هەر خەباتکارێکی ئازا و خۆنەویست بووە لە مەیدانەکانی شەڕدا، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ڕێکخەر و لایەنگرێکی شێلگیری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشە لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی باشتردا. بەبێ دوودڵی و ڕاڕایی لە بەرامبەر نەریت و کولتووره دواکەوتووەکاندا وەستاوەتەوە و بانگەشەکار و پەرەپێدەری کولتوورێکی پێشکەوتنخوازنە و ئینسانی تر بووە.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک هەر حەماسەخولقێنی مەیدانی نەبەرد، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ئاڵاهەڵگری یەکسانی نێوان ژن و پیاو بووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە هەرکوێیەک بووبێت، گەلێک یادگاریی بەنرخی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵک بەجێهێشتووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە هەر شوێنێک بووبێت، تۆوی هۆشیاریی چاندووە و ئاسۆی سۆسیالیزمی بەڕووی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێشدا کردۆتەوە. بەم هۆکارانە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە زۆر زوو بوو بە یەکێک لە کۆڵەکە بەهێزەکانی بەرخۆدانێکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی. خۆڕاگرییەکی کە لە ئاکامدا خەڵکی کوردستان سەریان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دانەنەواند و پێشمەرگەی کۆمەڵە، بەهۆی مانەوە و پێداگریی لەم سەنگەری خۆڕاگری و بەرخۆدانەدا بوو کە لەناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگای خۆی کردەوە

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک هەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بێ ئەرک ناکات و لە چاوەڕوانی سەرکەوتنە نیزامییەکانی خۆیدا ڕاناگرێت، بەڵکوو متمانە بەخۆبوون و پشتبەستنیان بە هێزی خۆیان پتەوتر دەکات. ئاسۆی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری خەڵکی زەحمەتکێش شۆڕشە، شۆڕشێک کە هێزی بزوێنەرەکەی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان پێکدێت. شۆڕشێکی لەم شێوەیە نەک سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئێمە، بەڵکوو بە پشت ئەستووره بە واقیعە بنەڕەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. ناکۆکییە چینایەتییەکان، نایەکسانی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادی کەسی و پێشگرتن لە بیرکردنەوەی ئازاد و ژیانی ئازاد و هیترە...، کە کۆمەڵگا بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەدنێن. شۆڕش بەواتای گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کەمینەیەکی بچووکەوە بۆ زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی سەروەت و سامان و نێعمەتەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بە واتای خولقاندنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژیانی خەڵکدا دێت. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەش بەحاڵی خۆی هەوڵدەدات هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بگۆڕێت و هەلومەرجی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری نزیکتر بکاتەوە. لە ئەنجامی چالاکییەکانی ئەم هێزە، سەرکەوتنی کۆتایی لە خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین بە شێوەیەکی ئاسانتر و زیانێکی کەمتر مسۆگەر دەبێت

خەڵکی کوردستان و بە پشتیوانیکردن لەم هێزە و بەشداریکردن لە چالاکییەکانیدا، لە ڕاستیدا بەرگرییان لە کەرامەتی ئینسانی خۆیان کردووە. هەزاران کەس بەشێک لە باشترینساڵەکانی تەمەنیان لە ڕیزەکانی ئەم هێزەدا بەسەر بردووە و بە حەق شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن. ژمارەیەکی زۆر ئینسانی کۆمۆنیست و کەسایەتی خۆشناو و ناسراوی خەڵکی کوردستان، کە ئاواتی ڕزگاربوونی خەڵک لە ستەم و چەوسانەوە و کاری کرێگرتەیان لەدڵدابوو، لە ڕیزەکانی ئەم هێزەدا گیانیان بەختکرد. ئەگەرچی زیاتر لە دوو دەیەیە ئەم هێزە کە لەلایەن کۆمەڵەی کۆمۆنیستەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت، بە پێی سیاسەتێکی ڕاگەیەنراو، هیچ چالاکییەکی نیزامی لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام نەداوە، بەڵام پێگەی خەباتی چەکداری و بەرخۆدان و شەرعیەتی لە چوارچێوەی مافی بەرگری ڕەوادا هەرگیز لە ستراتیژی ئێمەدا نەچووەتە ژێر پرسیارەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە خەباتی چەکداریی، بە لەشکرکێشی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی، بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنرا. خەڵکی کوردستان ئازادییان دەویست و لەبەر ئەوەی بڕیاریان دابوو بەرگریی لەو دەستکەوتە دێموکراتیکانە بکەن کە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی شادا بەدەستیان هێنابوو، ناچار بوون چەک هەڵبگرن. بەرگریکردن لەو ئازادییە بەبێ فیداکاری و قوربانیدان مومکین نەبوو. ئەوان پەنایان بۆ توندوتیژی نەبرد، بەڵکوو دژی توندوتیژی وەستانەوە و بەرگرییان لە کەرامەتی ئینسانی خۆیان کرد. کاتێک پاشەکشەیان بە هێزەکانی ڕژیم کرد و جارێکی دیکە کوردستانیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەرکوتگەر ڕزگار کرد، لە زۆر شوێنی کوردستان نموونەگەلێکی بەنرخیان لە شێوازی ژیانی مەدەنی و هەروەها کەشوهەوای دێموکراتیک ئەزموون کرد

**بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، یادی هاوڕێ سەعید موعینی، یەکەم پێشمەرگە و یەکەم گیانبەختکردووی کۆمەڵە، کە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەری و ڕۆژی گیانبەختکردنی ئەو ئازیزە، ناونراوە و هەروەها یادی هەزاران تێکۆشەر و مرۆڤی شەریف کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا لەدژی یەکێک لە جینایەتکارترین و کۆنەپەرست ترین دیکتاتۆرییەکانی ئەم سەردەمەدا گیانیان بەختکردووە، بەرز و بەڕێز ڕادەگرین و سڵاو دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرز و خۆڕاگرەکانیان.**

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کمونیستی ئێران**

**٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٤**

****

**لاپەڕە فەرمیەکان لە سۆشیال میدیا**
@Komalamedia
@Komala

**ماڵپەڕی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
Tvkomala.com

**ماڵپەڕی هەواڵنێری پەیام**
Payaam.net

**ماڵپەڕە حیزبیەکان**
Komalah.org
Cpiran.net
yadihawrean.com

## پێویستی خەبات و خۆڕاگریی گشتی دژبە سیاسەتی لەسێدارەدان و زیندان

شەپۆلەکانی دەستگیکردن و لەسێدارەدان بە تۆمەتی سیخوڕی، لە دەستپێکی شەڕی دوازدە ڕۆژە و ڕۆژەکانی دواتریش هەروا بەردەوامە. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووڕاوانی مەدەنی و پیشەیی دەستگیرکراون و جێگۆڕکێیەکی بەربڵاو لە زیندانەکاندا ئەنجامدراوە. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە هەزار کەس بە تۆمەتی بێبنەما و پەروەندەسازی درۆینە لە ماوەیەکی کەمدا دەستگیرکراون. زیندانیکردن و هەڵبەستنی تۆمەتی نارەوا بۆ زیندانیانی سیاسیی لەلایەن مەئموورانی لێپرسینەوە لە ناوەوە و دەرەوەی زیندان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئارادایە. لەلایەکی ترەوە، هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە زیندانیانی سیاسیی ژن و پیاوی بوێر و چاونەترس لەناو زیندانەکاندا، لەبەرامبەر مەئمووڕانی لێپرسینەوەدا خۆڕاگریی دەکەن و نەک هەر مل بە خواستەکانیان نادەن، بەڵکوو کەشی خۆڕاگریی ناو زیندانەکانیان بەهێز کردووە و لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ میدیاکان و ناردنەدەرەوەی ڕاپۆرت و زانیاری و بڵاوکردنەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەرەنگاری سیاسەتی جنایتکارانەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسلامی دەبنەوە و ئامرازەکانی زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان پووچەڵک دەکەنەوە

لە دەرەوەی زیندانەکان، هاوسۆزی و ورەی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیی لە ناو خەڵکی ئێراندا زۆر بەهێزە. لەسەر بەستێنی ئەم هاوسۆزییە، هەوڵ و چالاکییەکی زۆر بەڕێوە دەچێت کە دەتوانین هەموویان لە چوارچێوەی دروشمی "زیندانی سیاسیی دەبێت ئازاد بکرێت"دا کورت بکەینەوە. ئەم چالاکیانە هەرچەند کاریگەر و پێویستن، بەڵام هێشتا ناتوانن قوڵایی ئارەزوو و خواستی خەڵکی ئێران بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسیی نیشان بدەن. بەیەکەوە گرێدانی خەبات و تێکۆشانی ناوەوە و دەرەوەی زیندانەکان، بەردەوامیدان و جەماوەریکردنەوەی ئەم خەباتانە، دروستکردنی کۆمیتەکانی دیفاع لە زیندانیانی سیاسیی، پێکهێنانی گرووپەکانی هاوپشتی لەگەڵ زیندانیانی سیاسیی لە ناوخۆ و دەرەوە و هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە تائیفەگەرییەک، چالاککردنی کاری گرووپی و ئامانجدار، بەردەوامبوون و بەرفراوانکردنی ئاستی لەقاودان و ئاشکراکردنەکان، بەهێزکردنی چالاکییەکانی کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بۆ بنەماڵەی زیندانیانی سیاسیی و دابەشکردنی دروست و بەپێی ئەولەوییەت بەسەریاندا، لە زومرەی ئەو ئەرکەکانەن کە دەبێت بە بەردەوامی جێبەجێ بکرێن. پێویستە دروشمی "زیندانی سیاسیی دەبێت ئازاد بکرێت"، ببێتە هەوێنی پەیوەندیی و یەکگرتوویی هەموو چالاکییەکان.

دروشمی "زیندانی سیاسیی دەبێت ئازاد بکرێت" هەمیشە یەکێک بووە لە دروشمە کاریگەرەکان لە خەبات لە دژی دیکتاتۆری و لە شۆڕشی ١٣٥٧دا سەمەربەخش بوو.

دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان لە کاتی خراپبوونی دۆخی ئابووری و لاوازی سیاسیی دا هەمیشە پشتیان بە زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان بەستووە. ئەمە بۆ کۆماری ئیسلامیش کە جگە لە کێشە و ئاریشەی زۆری سیاسیی و فەشەلی ئابووری، هیچ شتێکی دیکەی بۆ ئەم کۆمەڵگایە بە دیاری نەهێناوە، زۆر ڕاستە. زیندان، ئەشکەنجەی دڕندانە و لەسێدارەدانی بەربڵاو و بەکۆمەڵ، بەتایبەتی لە دەیەی شەستدا، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە مانەوە و درێژکردنەوەی تەمەنی دزێوی ئەم ڕژیمە. کۆماری ئیسلامی هەمیشە دەرکی بە گرنگی زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان کردووە و لە ڕابردوودا سوودی زۆری لێ وەرگرتووە. بەڵام ئێستا ترسی خەڵک لە زیندان و ئەشکەنجە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە. خەبات و نارەزایەتییە جۆراوجۆرە کرێکاریی و مەدەنییەکان، ئەم ڕژیمەیان کە هیچ شەرعییەتێکی نەماوە و لە لێواری دارماندایە تووشی ترس و خۆف کردووە. کۆمەڵگا لەم بارودۆخەی ئێستادا بەرەو پێکهێنانی کەشێکی شۆڕشگێڕانە دەڕوات کە تێیدا ئەگەری شکاندنی دەرگای زیندانەکان و گەڕاندنەوەی جگەرگۆشە خەباتکارەکانی کۆمەڵگا بۆ ئامێزی بنەماڵەکانیان و جەماوەری ئازادیخواز بەهێزتر بووە. ئەو ڕۆژە، ئیتر ئەستێرەی تەمەنی ڕژیمی ئیسلامیی جینایەتپیشە، سەرەڕۆ و چەوسێنەر، بەرەو ئاوابوون دەچێت

بەڵام سەرەڕای ئەمەش، ئەمڕۆ مەترسی لەسێدارەدان هەڕەشەیەکی جیددییە بۆسەر زیندانیانی سیاسیی. لە بیرمان نەکردووە کە چۆن ڕژیم لە دەیەی شەستدا هەزاران کەس لە کۆمۆنیستەکان، ئازادیخوازان و دژبەرانی خۆی لەسێدارەدا. زیندانیکردنی درێژخایەن، ئەشکەنجەدان تا ئاستی تێکچوونی دەروون و جەستەی زیندانییەکان، بەشێکی ترە لە کارنامەی خوێناوی ئەم ڕژیمە. هەموو ئەم جینایەتانە بەیانگەری ئەو ڕاستییەن کە ڕژیم بۆ مانەوە و درێژەدان بە دەسەڵاتە لەرزۆکەکەی، هیچ ڕێگەیەکی تری جگە لە پشت بەستن بە سەرکوت، لەسێدارەدان و ئەشکەنجە بۆ نەماوەتەوە. ڕاستییەکی تر ئەوەیە کە ئەم دەزگای سەرکوتە، تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری خۆی لەدەستداوە. کۆمەڵگای ئێران چیتر کۆمەڵگای دەیەی شەست نییە کە لە ناو سەرسامیی گشتیدا گۆڕستانی بەکۆمەڵ دروست بکەن. ئەم کۆمەڵگایە ئاخێزی بەفرانباری ٩٦ی جەماوەری وەگیانهاتووی زیاتر لە سەد و پەنجا شار و ئاخێزی ڕەزبەری ٩٨ی بینیوە، کە خەڵک چۆن چوونە شەڕ لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم و دەستدرێژییەکانی ئەوانیان بە دەستدرێژیی وەڵام دایەوە. ئەم کۆمەڵگایە ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی" بینیوە، کە تا ئێستاش لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوامە و لە بواری سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ دا پاشەکشەی بەرچاوی بەسەر ڕژیمدا سەپاندووە. لەم قۆناغەشدا تاکە فاکتەرێک کە دەتوانێت ماشێنی ئێعدام و زیندان و سەرکوتی ڕژیم لەکاربخات، بریتییە لە خەبات و خۆڕاگریی گشتی کۆمەڵگا لەدژی لەسێدارەدان و زیندان

****

## جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی بەپێی یاسا لە ئێران

کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو بە دەگمەن دەوڵەتانەیە کە تێیدا بە ڕەسمی و بە پێی یاسا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ. هەر ئێستا لە زیندانەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا گەلێک ئینسانی شەریف لە بەر دەربڕینی بیر و بۆچوونیان خراونەتە سیاچاڵەکان و زیندانی کراون و لە کەمترین مافی ئینسانیش بەهرەمەند نیین . ئەشکەنجە و شەلاق لێدان لە ژێرناوی” حەدی شەرعی و تەعزیر“، بە ڕەسمی هاتۆتە نێو یاسای جەزایی کۆماری ئیسلامییەوە. واتە بە ئاشکرا و لەبەر چاوی هەموو جیهان دا بەندەکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ

ئەگەر چی ڕاگەیاندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وڵامدەرەوەی بنەڕەتی ترین کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەم حاڵەشەوە ناوەرۆکەکەی بەرهەمی خەباتی کرێکاران و ئازادیخوازانی جیهانە. پاشەکشەی نیزامی سەرمایەداری لە بەرانبەر ما فە سە رە تا ییە کا نی باسکراو لە نێو ئەو جاڕنامەیەدا، تەنیا بە خەبات و فیداکاری لێبڕاوانە دەستەبەر بووە و بۆرژوازی جیهانی لە کۆتاییدا ناچاربوو بە گونجاندن و ئاوبەندیکردنی پێویست لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی هاوئاراستەی بکات و لە مێژوودا بە ناوی خۆی تۆماری بکات

ئەم جاڕنامەیە لەگەڵ ئەوەدا کە بنەما سەرەکییەکانی نیزامی سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیار و ڕێز لە ئەساسی چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان دەگرێت، بەڵام لەم ئاستەش دا تەنانەت هێشتا لە پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداریش دا بۆ بەکردەوەدەرهاتنی بە تەواوەتی، دەبێ خەبات بکرێت. ئێستا لە زۆبەی وڵاتاندا، بە ئاشکرایی سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسان، کە مافی ژیان بێت پێشێڵ دەکەن. پێشێلکرانی مافی ئینسانەکان لە چوارچێوەی برسێتی، بازرگانی سێکس، قاچاغچێتی مادەی هۆشبەر و هیتر تەنانەت لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دا ئاماژەیان پێ ناکرێت هەموو ئینسانێک دەبێ خاوەنی ئاستێک لە ژیانێکی گونجاو بێت بۆ دابینکردنی سڵامەتی و ڕیفاهی خۆی و بنەماڵەکەی، بە تایبەت لە باری خۆراک، پۆشاک، مەسکەن، چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پێویست. مافی هەموو ئینسانێکە کە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، کە مئە ندا مبو و ن ،

درێژە لە لاپەڕەی ٨

درێژەی لاپەڕەی ٧

جیابوونەوە، بەساڵاچوون یان لە هەر لایەنێکی دیکەوە خاوەنی دابینبوونی کۆمەڵایەتی بێت

هیچ حکوومەتێک و هیچکەس مافی ئەوەی نییە ئینسانەکان بە هۆی ڕەنگی پێست و نەتەوە و ڕەگەز و جنسییەت، تەمەن، بیروبۆچوون، هەڵبژاردن و سەلیقەکانیان لەو مافانە بێبەشبکات. ئازادی ڕادەربڕین و ڕێکخراو و پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵ، لە زومرەی مافە سەرەتاییەکانی هەرئینسانێکە و نابێ بە هیچ بیانوویەک لێی بەرتەسک بکرێتەوە. هیچکەس نابێ بخرێتە ژێر ئەشکەنجە یان سزا و کرداری زاڵمانە، دژی ئینسانی و سوکایەتی ئامێزەوە. هەرکەسێک کە تاوانی خەتاکاری خرایە پاڵ، وەک بێ تاوان دەناسرێت تا کاتێک کە لە پرۆسەی دادگاییکردنێکی بە ئاشکرای کە تێیدا ئیمکاناتی پێوست بۆ داکۆکی کردن لەخۆی فەراهەم کرابێت و خەتاکەیی تێدا بسەلمێندرێت

مافەکانی مرۆڤ تەنیا کاتێک بە تەواوەتی دەستەبەر و زەمانەت دەکرێت کە جیاوازی چینایەتی لە ئارادا نەبێت و ئینسانەکان خاوەنی ئیمکانات بن و لە ڕیفاه و خۆشبژیوی کامڵدا بژین. هەڵبەت ئەمەش لە کۆمەڵگایەکدا کە بنەماکەی لەسەر چەوساندنەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بینا کرابێت و ئامانجی بەرهەمهێنان نەک دابینکردنی نیازی ئینسانەکان، بەڵکوو دەستەبەرکردنی قازانج بێت، زەمانەت ناکرێت. ئەو کۆمەڵگایەی کە خاوەنی وەها تایبەتمەندییەکە، تەنیا کۆمەڵگای سۆسیالیستییە. بۆ دەستەبەربوونی وەها کۆمەڵگایەک کە تێیدا مافە ڕاستەقینەکانی مرۆڤی تێدا زەمانەت کرابێت دەبێ خەبات و تێکۆشان بکرێت. بەڵام تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگای بەشەری بە تەواوەتی لە شەڕی نیزامی سەرمایەداری ڕزگاری نەبووبێت، ڕەچاوکرانی مافە سەرەتاییەکانی ئینسانەکان کە بەشێکی لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، بابەتێکە دەبێ بەڕێوە بچێت و بە ڕەسمییەت بناسرێت و بە کردەوە ڕەچاو بکرێت. هیچ دەوڵەت و ناوەندێک مافی ئەوەی نییە پێشێلکرانی مافە سەرەتایی و گەردوونییەکانی ئینسانەکان لە ژێر هیچ بیانوویەکدا پاساو بکات. بێگومان دابینبوون و زەمانەتکرانی مافە سەرەتاییەکانی ئینسان لە یەکەم دەستەکەوتەکانی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە شکۆدارە دەبێت کە هەرئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا لە ئارادایە

****

# ئامارەکان سەبارەت بە شەڕی نادیاری کرێکار و سەرمایەدار لە شوێنی کار



ڕۆژ نییە کە هەواڵی دڵتەزێنی ڕووداوەکانی شوێنی کار لە ئێران بڵاونەکرێتەوە. بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتییەوە بڵاو دەبنەوە، ساڵانە بە ڕێژەی مامناوەند ٢٠٠٠ کرێکار لە ئەنجامی ڕووداوە ڕاستەوخۆکانی شوێنی کاردا گیانیان لەدەستدەدەن و دەیان هەزار کەس بریندار دەبن و لە چەرخەی کار دەکەونە دەرەوە. ئەمە یەکێکە لە بەرەکانی شەڕێکی نادیاری ڕاستەقینە لەنێوان چینی کرێکار و سەرمایەداران و حکومەت لە بواری کار و بەرهەمهێناندا. لەم شەڕە نایەکسانەدا خاوەنکارەکان بە هاوکاری یەکتر زیانەکانی بەرەی کار دەشارنەوە. ئیدارەی کاریش تەنها زیانی ئەو کرێکارانە بڵاودەکاتەوە کە بیمەکراون و ئیمکانی شاردنەوەیان نەبووە. بۆیە ئەوەی لە ڕێگەی هەواڵگری فەرمییەکانەوە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت هەموو ئەو ڕاستییە بێت کە ڕوو ئەدەن. هەروەها لە ئێران هەرگیز ئاماری ورد و بەڵگەدار لە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی پیسبوونی ژینگەی کار و نەخۆشییەکانی پەیوەست بەوەوە گیانیان لەدەستدەدەن یان کەمئەندام دەبن، بوونی نییە

ئەو ئامارانەی بە شێوەی فەرمی لەم بوارەدا بڵاو ئەکرێنەوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین متمانەیان پێ بکەین.. بۆ نموونە ئەو ڕووداوانەی بۆ کرێکارانی ئەفغانستانی ڕوودەدەن لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێن. لە ئاماری گیانلەدەستدانی کۆڵبەران باسێک ناکرێت. ڕووداوگەلێک هەن کە لەنێوان کرێکار و کارفرما و خێزانی کرێکاری گیانبەختکردوودا بە شێوەی نافەرمی بە زیانی کرێکار چارەسەر دەکرێن و پێشینەی ئەوانیش لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێت. ئەوەی سەرنجراکێشە ئەوەیە کە هەر ئەم ئامارانەش دەریدەخەن کە ڕێژەی روداوەکانی شوێنی کار لە ئێران بەردەوام لە زیادبووندایە. بەپێی هەمان ئامارە ناتەواوەکان ساڵانە بە ڕێژەی مامناوەند ٣٠ هەزار ڕووداوی شوێنی کار لە ئێران تۆمار دەکرێت. لەم ئامارەدا مردنی پێشوەخت و بە شێنەیی و بێدەنگ، ئەو کرێکارانەی کە لە ئەنجامی کار لە ژینگە پیسەکانی وەک پیترۆشیمی، نەوت و هتد کار دەکەن و زۆرجار بە نەخۆشییەکانی جوراوجۆر و پیربوونی پێشوەخت، گیانیان لە دەست دەدەن لەبەرچاو نەگیراوە

ڕاستییەکە ئەوەیە کە کارفرمایان لەسەر بنەمای قازانجخوازی و تەماعکارییان، نە دەیانەوێت دۆخی ژینگەی کاری کرێکاران باشتر بکەن و نە نیگەرانی لەدەستدانیان لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ژینگەی ناپارێزراوی کارن، ئەوان تەنانەت ئەم نیگەرانییەشیان نییە کە کرێکاران لە ترسی گیانیان پیشەکانیان بەجێبهێڵن. چونکە دەزانن کە کۆمەڵێک بێکار لە مەیدانەکانی کار و لە بەر دەرگای کارخانە و کارگەکانیان ڕیزیان گرتووە و هەر کاتێک بیانەوێت دەتوانن کرێکارانی دیکە بە دیل بگرن و لە هەمان شوێن و ژینگەی ناستاندارد و ناپارێزراوی کاردا، هەر کارێکی ئاسان یان ئاڵۆزیان بەسەردا بسەپێنن

لە وەها بارودۆخێکدا کرێکاران خۆیانن کە دەبێت بیر لە خۆیان بکەنەوە و بە خەباتی ڕێکخراو کارفرمایان و حکوومەت ناچار بە دابینکردنی ئەمنییەتی شوێنی کار بکەن. دابینکردنی ئەمنییەتی شوێنی کاریش وەک هەر داواکارییەکی دیکە تەنها بە خەبات لە دژی سەرمایەداران و حکومەتەکەیان بە سەریاندا دەسەپێندرێت

****

# ڕۆژی جیهانی ناوەندە هاریکارییەکان پیرۆز بێت

بە پێی ڕۆژژمێری نەتەوە یەکگرتووەکان، پێنجی جولای (١٤ی پووشپەڕ ) ڕۆژی جیهانی ناوەندە هاریکارییەکان بوو. ئەمساڵ لە بۆنەکاندا بە دروشمی "چارەسەری گشتگیر و بەردەوام بۆ جیهانێکی باشتر"، پێویستە لەسەر ڕۆڵی گرنگی ناوەندە هاریکاییەکان لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و خۆگرتر جەخت بکرێتەوە. وشەی هاریکاری، چەندین مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت: ناوەندەکانی کڕینی بە کۆمەڵ (وەک ناوەندە هاریکارییەکانی خۆراک و بەکارهێنان)، ناوەندەکانی فرۆشتنی بەکۆمەڵ (وەک پێشانگە بچووکەکانی سەرمایەداری بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان کە بەیەکەوە هاریکاری دەکەن)، یان خاوەندارییەتیی بەکۆمەڵ (وەک ئەو جوتیارانەی کە زەوییەکەیان بە هاوبەشی خاوەندارییەتی دەکەن، بەڵام بە جیا کشتوکاڵ دەکەن). لە ئێستادا کۆمپانیا گەورەکانی هاریکاری وەک مۆندراگۆنی ئیسپانیا بوونی هەیە کە ١٣٠ هەزار کرێکار و کارمەندی لەناو خودی ئەو کۆمپانیایە و ٨٠ هەزار کەسیش لە پەراوێزیدا کار دەکەن. لانیکەم ١٠٠ هەزار کەسیان خاوەن و بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیایەن کە بە سیستەمێکی کارا و بەکارهێنانی بەڕێوەبەرایەتی بەکۆمەڵ لە ناو جەرگەی ئەم ئابوورییە قەیراناوییە جیهانییەدا ٥٠ ساڵە دەوامی هێناوە، بەڵام لەگەڵ گەلێک ئاڵەنگاری سەرمایەدارانە بەرەوڕوون. جێگای ئاماژەیە کە لە جیهاندا ٢.٦ ملیۆن ناوەندی هاریکاری بوونیان هەیە کە خاوەنی دوو ملیارد ئەندامن. سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، سەرمایە زەبەلاحەکانی کەرتی تایبەت ڕێگەیان نەداوە کە ڕۆڵی ئەوان لە ئابووری جیهانیدا، لە پێنج لەسەد زیاتر بێت

لە ناو ناوەندە هاریکارییەکانی جیهاندا، کۆمپانیاکانی هاوکاری بەکۆمەڵ لە ئابووری و ناوەندە هاریکارییەکانی ڕۆژئاوا، نموونەیەکی بەرچاون. لە ئێستادا ناوەندە هاریکارییەکانی ئەو ناوچەیە سیستەمێکی نوێی ئابوورییان لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەرایەتی دروست کردووە کە دەکرێ وانەی زۆری لێوەربگیرێت. پێش ساڵی ٢٠١١، حکوومەتی بەعسی سووریا هەر خۆڕێکخستنێکی جەماوەریی سەرکوت دەکرد. بەڵام لە کاتی ڕاپەڕینەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی کە خەڵکی ڕۆژئاوا (کورد، ئێزیدی، ئاشووری و عەرەب) کۆنترۆڵی ناوچەکەی خۆیان بەدەستەوە گرت، لە زۆر بواری جۆراوجۆر و لەوانە ناوەندەکانی هاریکاری، بە پشت بەستن بە خۆیان کاریان کردووە. لە ڕوانگەی چالاکانی ڕۆژئاوا، بزووتنەوە هاریکارییەکان مۆدێلێکن بۆ کۆمەڵگایەکی جێگرەوە. کۆمیتەی ئابووریی ژنان (سەر بە کۆنگرەی ستار) هاریکارییە کشتوکاڵییەکان، نانەواییەکان و پرۆژەکانی وزەی نوێبووەوەیان لەم ناوچەیە دامەزراندووە. ناوەندە هاریکارییەکان لە بواری دابینکردنی خۆراک، ئاو، کارەبا، خزمەتگوزارییە پەروەردەیی و تەندروستییەکاندا چالاکن. بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باکووری سووریا لە ژێر چاودێری خۆبەڕێوەبەرایەتییەکی دێموکراتیدایە. ئەم مۆدێلە ئابوورییە لەسەر بنەمای کاری بەکۆمەڵ، خۆبژێوی، پابەندبوون بە ژینگە و دێموکراسیی هاوبەش بنیاتنراوە

لە ئێرانیش ناوەندە هاریکارییەکان هەم لە بواری بەرهەمهێنان (کشتوکاڵ و پیشەسازی) و خانووبەرە و هەم لە بواری خزمەتگوزاری و خۆراک دا چالاکن. لە بەشی پیشەسازیدا ١٧ هەزار ناوەندی هاریکاری چالاکن. لێرەدا بەشی ناوەندە هاریکارییەکانی خۆراکی و بەکارهێنان گەورەترین ڕۆڵی لە ئابووری و یارمەتیدانی خاوەن پشکەکاندا هەبووە. ئێستا سێ تۆڕی گەورە لەم بەشەدا چالاکن، وەک ناوەندی هاریکاری خۆراکی و بەکارهێنانی فەرهەنگیان کە یەک ملیۆن پشکداری هەیە و زۆربەی مامۆستایان تیایدا ئەندامن. هەروەها ناوەندی هاریکاری کارمەندانی حکوومەتیش بوونی هەیە کە پێش دەستپێکردنی فرۆشگا زنجیرەییە گەورەکان، توانییان بەشێک لە فرۆشگاکان دابمەزرێنن. هەروەها ناوەندی هاریکاریی کرێکارانیش لەم بوارەدا چالاک بوون. کرێکارانی پێشڕەو هەوڵیانداوە ئەم ناوەندە هاریکاریانە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقەوە تا ئێستا بخەنە خزمەت هاوچینەکانی

درێژە لە لاپەڕەی ١٠




ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرلەنوێ سیاسەتی دژە ئینسانی و سەرکوتگەرانە و دژە کۆچبەریی خۆی چڕتر کردۆتەوە و شەپۆلێکی نوێی دەرکردنی زۆرەملێ و گەڕاندنەوەی پەنابەرانی ئەفغانستانی دەستپێکردووە. ئەم کردەوانە نەک هەر پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤ و بنەما سەرەکییەکانی مافی پەنابەرانە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ ژیانی هەزاران کەس لەوانە ئەو منداڵانەی کە لەدایکبووی ئێرانن یان ئەوانەی کە ساڵانێکە لەم وڵاتەدا ژیاون و ئێران بە کردەوە بووەتە تاکە مەنزڵگە بۆیان، ڕاستەوخۆ دەخاتە مەترسییەوە

ڕێژیمێکی کە خۆی هۆکاری ملیۆنان پەنابەر و کۆچبەری ئێرانییە لە سەرانسەری جیهاندا، ئێستا لە ڕەفتارێکی نامرۆڤانە و فاشیستیدا، ئەو پەنابەرە شەڕلێدراو و هەژارانەی کە لە دۆزەخی تاڵیبان هەڵاتوون، دەکاتە ئامانجی سووکایەتیپێکردن و توندوتیژی و دەستبەسەرکردن و دەرکردن. سیاسەتی دژە کۆچبەریی کۆماری ئیسلامی وەک باقی سیاسەتە دژە کرێکاری، دژە ژن، دژە گەنج و دژە ئازادییەکانی، بەشێکە لە سروشتی کۆنەپەرستانە و نامرۆڤانەی ئەو ڕێژیمە

ئێمە ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانە و نامرۆڤانەیە بە توندی ئیدانە دەکەین و داوا لە سەرجەم خەڵکی ئازادیخواز، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوەکانی بەرگریکاری مافی پەنابەران و هەروەها ڕێکخراو و لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەکەین کە بە گرتنەبەری هەنگاوی هاوبەش و یەکگرتووانە لە دژی ئەم هێرشە ڕێکخراوە دەوڵەتییە بۆسەر مافی کۆچبەرانی ئەفغانستان لە ئێران، دەنگی نارەزایەتی خۆمان بەرز بکەینەوە. دەرکردنی ئەو پەنابەرانەی کە بەشێکی زۆریان جگە لە ئێران هیچ وڵاتێکی تر ناناسن، تاوانێکی بەتەواومانا دژ بە مرۆڤایەتییە و دەبێت لەگەڵ دژایەتی و خۆڕاگرییەکی بەربڵاو لەسەر ئاستی جیهان بەرەوڕوو ببێتەوە

بەمجۆرە کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێکەوتی ١٩ی ژوئیەی ٢٠٢٥، وەک ڕۆژی نارەزایەتی گشتی بەرامبەر بە سیاسەتی دژە کۆچبەریی کۆماری ئیسلامی ڕادەگەیەنێت و داوا لە سەرجەم ڕێکخراو و هێزە داکۆکیکارەکانی مافی کۆچبەران، ناوەندە مرۆڤدۆستەکان و حیزب و لایەنە سیاسییە ئازادیخوازەکان دەکات کە بە پەیوەستبوون بەم کەمپەینە نارەزایەتییەوە، دەنگی هاوسۆزی و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ کۆچبەرانی ئەفغانستان بەرز بکەنەوە و ڕێگری بکەن لە دووپاتبوونەوەی کارەساتی مرۆیی لەوە زیاتر

کۆچبەریی تاوان نییە. دەرکردن و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران ڕابگرن!

بژی هاوپشتی نێونەتەوەیی! بڕووخێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی!

**کۆمیتەی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٦ی ژوئیەی ٢٠٢٥**

****

درێژە ی لاپەڕەی٩

خۆیان. ئەوان تارادەیەک پێداویستییە خۆراکییەکان بە نرخێکی گونجاوتر و بەبێ بەهرەی دەڵاڵ و بە مەرجێکی باشتری وەک فرۆشتن بەشێوەی قیستییان، دابین کردووە و لە ئێستادا پێنج ملیۆن ئەندام و پشکداریان هەیە. بە گشتی ئابووری وڵات بەسەر سێ بەشی وەک دەوڵەتی، تایبەت و هاریکاریدا دابەش کراوە. لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕژیمی سەرمایەداری ئیسلامییەوە، کۆمپانیا هاریکارییەکان هەمیشە گۆشەیەک لە ئابووری بوون، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕێگەیان پێنەدراوە کە زیاتر لەو پێنج لەسەدە، ئابووری وڵات داگیر بکەن. لە جیهاندا کەرتی تایبەت بەربەستی سەرەکی بووە لەبەردەم گەشەی ناوەندە هاریکارییەکان، لە ئێرانیش بەشی دەوڵەتی، نیمچە دەوڵەتی و گەندەڵی لەڕادەبەدەری ڕژیم، لەم پێوەندییەدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە کە ٧٠٪ ئابووری وڵاتیان لەبەر دەستدایە

یەکەمین ناوەندە هاریکارییەکانی جیهان لەلایەن کرێکارانەوە لە سەدەی هەژدەهەمدا دامەزران. مەبەست ئەوە بوو کە ئەوان قازانج نەویست بن، بەڵام لە جیهانی سەرمایەداریدا ئەمە مومکین نەبووە. سەرەڕای ئەوەش، پێکهاتەکەیان بە شێوەیەکە کە ناتوانن وەک بەشێکی تەواو قازانجخواز، بوروکراتیک و بێ بەزەیی کار بکەن. مارکس بە دروستی دەیوت کە ناوەندە هاریکارییەکان " تا قیکر د نە و ە یە کی گەورەی کۆمەڵایەتین" و گرنگییەکی زۆریان هەیە، بەڵام بە توندی ئەو بیرۆکەیەی ڕەتکردەوە کە دەکرێت سۆسیالیزم لە ڕێگای دروستکردنی ناوەندە هاریکارییە نوێیەکان بە دوای یەکدا دامەزرێت. ئەو جەختی کردەوە کە "بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش، پێویستە هاریکاری و کاری بەکۆمەڵ بۆ ئاستی نەتەوەیی گەشە بکات و دەرەنجام بە ئامرازی نەتەوەیی پەروەردە بکرێت. ڕۆزا لۆکزامبورگ نووسیویەتی: "ناوەندە هاریکارییەکان، بە تایبەتی هاریکارییەکانی بواری بەرهەمهێنان، شێوازێکی تێکەڵاوی نێوان سەرمایەدارییەن. دەکرێت ئەو ناوەندانە بە یەکەیەکی بچووکی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە ناو بازاڕی سەرمایەداریدا وەسف بکرێن." کێشەکە ئەوەیە کە ئەو ناوەندە هاریکاریانەی لە چوارچێوەی بازاڕی سەرمایەداریدا دادەمەزرێن، بۆ مانەوەیان پێویستە ڕکابەری بکەن و ئەگەریش ڕێژەی چەوساندنەوە لە نێوان ڕکابەرەکانتدا بەرز بێت، تۆش پێویستە خۆت لەگەڵ ئەودا هاوئاهەنگ بکەیت. دێموکراسی ئابووری و خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاریی لە شێوازی هاریکاری بۆ هەر کۆ مە ڵگا یە کی سۆسیالیستی ڕەسەن، گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، بەڵام بەو مانایەی کە مەبەستی کرێکارانە، ئەو ناوەندانە تەنیا بە گرتنەبەری ستراتێژێک بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرمایەداری و زەوتکردنی زەوتکەران، دەکرێت دابمەزرێن

****

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# سەبارەت بە ئیدانەکردنی سزای لەسێدارەدان و شەپۆلی سەرکوتی ڕژیمی ئیسلامی

ڕژیمی ئیسلامی ئێران، دوای شکستی سەرشۆڕانەی لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیل، لە کۆتا هەوڵە ناکامەکانی بۆ پاراستنی ئەو دەسەڵاتە لەرزۆک و ڕوو لە داڕمانەی خۆی، شەپۆلێک لە توندوتیژی و سەرکوتی بێوێنەی دژبە خەڵکی ئێران وەڕێخستووە. ئەم ڕژیمە کە دوای لەناوچوونی دامەزراوە سەربازیی و ئەتۆمییەکانی و هەروەها کوژرانی فەرماندە سەربازییە پلە باڵاکانی و داڕمانی هێزی بەرگرییکارانەی لە ناوچەکە، ترسی ئەگەری ڕووخانی لەدڵ نیشتووە. ئێستا بە دەستگیرکردنی بەربڵاو و سزای لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ، کۆتا هەناسەکانی ژیانی سیاسیی خۆی هەڵدەکێشێ

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ئاگربەستی شەڕی ١٢ ڕۆژە، یەکسەر زیاتر لە ٨٠٠ کەس بە تۆمەتی پەیوەندیان بە «تۆڕی سیخوڕی» ئیسرائیلەوە دەستگیرکراون. تەنها لە نێوان ٢٠ تا ٢٦ی جۆزەردان، شەش بەندکراو لە زیندانەکانی گوناباد، شیراز، سمنان، یاسووج، ئەراک و کرماشان لەسێدارەدران. هەروەها بەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٤ی پووشپەڕی ١٤٠٤، سێ زیندانی کورد بە ناوەکانی ئیدریس ئالی، ئازاد شوجاعی و ڕەسوول ئەحمەدڕەسوول لەلایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە بە تۆمەتی «سیخوڕی» لەسێدارە دران

ئێستا کە ئەم ڕژیمە بە سەرشۆڕییەوە ناچارکراوە بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و لە بەرامبەر ڕژیمی جینایەتپیشەی ئیسرائیل دا بەکردەوە تەسلیم بووە، تۆڵەی ئەم سەرشۆڕی و ترسەی کە سەرتاپای نیزامەکەی داگرتووە، بە سەرکوتی دڕندانە، دەستگیرکردنی بەربڵاو و سزای لەسێدارەدانی بە کۆمەڵە، دەکاتەوە. دەیەوێت بە جەماوەری بسەلمێنێت کە هێشتا هێزی سەرکوت و توانایی بەرەوڕووبوونەوە لە ئەوانی هەیە

ئەم حکوومەتە کە لە بواری دەرەوە دا سووک و شەرمەزار بووە و هێزە ناوچەییەکەی لەناوچووە، ئێستا هەموو تووڕەیی و داخی شکستەکانی خۆی بە خەڵکی بێ دیفاعی ئێران دەڕێژێت. ڕۆژ نییە شایەتی لەسێدارەدانی لاوانی بێتاوان، دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی و ئەشکەنجە و ئازاری زیندانیانی سیاسیی نەبین. ڕژیمی ئیسلامی کە لە بەرامبەر ئەمریکادا بەچۆکدا هاتووە و لە بەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیل دا ناچاربووە پاشەکشە بکات و تەسلیم بێت، تۆڵەی ئەم شکست و سەرشۆڕیانە لە خەڵکی ئێران دەکاتەوە. بەڵام ئەمجارەیان، بە پێچەوانەی ڕابردوو، خوێنی گیانبەختکردووان نەک هەر نارژێتە سەر زەوی، بەڵکوو لە دڵی ملیۆنان خەڵکی ناڕازی و خەباتکاری ئێراندا دەخرۆشێت. خەڵک باش دەزانن کە ئەم ڕژیمە لە کۆتا ڕۆژەکانی خۆیدایە، هەربۆیە لەبەرامبەر سەرکوتگەرییەکانی دا بەچۆکدا نایەن

بەڵام ئەم توندوتیژییە لەڕادەبەدەرە، نەک هەر نیشانەی هێز نییە، بەڵکوو نیشانەی لاوازی دەسەڵاتێکە کە لە هەموو بوارەکاندا شکستی هێناوە. ڕژیمی ئیسلامی کە لە بەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکا و هێرشەکانی ئیسرائیل دا لاواز بووە و ناچاربووە پاشەکشە بکات، ئێستا بە بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە جەماوەرەکەی خۆی، هەوڵدەدات ئابڕووە لەدەستچووەکەی بەدەست بهێنێتەوە. بەڵام هەر پەتی سێدارەیەک، هەر زیندانییەکی ئەشکەنجەدراو و هەر بنەماڵەیەکی داغدار، ویست و ئیرادەی خەڵک بۆ ڕووخاندنی ئەم نیزامە شکستخواردووە پتەوتر دەکات. ڕژیمی ئیسلامی بە ڕشتنی هەر دڵۆپێک خوێن، گۆڕی خۆی زیاتر هەڵدەکەنێت

لەسێدارەدانی ئەمدواییانەی گەنجانی کورد، دەستگیرکردنی سەدان کەس بە بیانووی پەیوەندیان بە «تۆڕی سیخوڕی» ئیسرائیلەوە و دادگاییە نمایشییەکانی بەبێ بوونی پارێزەر، هەمووی ئەمانە نیشانەی شکست و نائومێدی قووڵی دەسەڵاتن. ڕژیمی ئیسلامی کە جێگە و پێگەی سەربازی و ناوچەیی خۆی بە تەواوی لەدەستداوە، دەزانێت کە چیتر پێگە و پشتیوانیی کۆمەڵایەتی نەماوە، دەزانێت کە جەماوەر لێی بێزارن و دەزانێت کە دوای شکستە یەک لەدوای یەکەکانی لە بواری نێودەوڵەتیدا، خۆری دەسەڵاتەکەی ڕوو لە ئاوابوونە. حکوومەتێک کە نەیتوانی لە بەرامبەر دوژمنانی دەرەوەکی خۆیدا خۆڕاگریی بکات، ئێستا هەموو هێز و توانای خۆی خستووەتەگەڕ بۆ سەرکوتی خەڵکی ناوخۆ

مێژووی جیهان پڕە لەو حکوومەتە دیکتاتۆرانەی کە لە کۆتا ساتەکانی دەسەڵاتەکەیاندا پەنایان بردووەتەبەر جینایەتی لەم چەشنە، بەڵام سەرەنجام هەموویان لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکدا شکستیان هێناوە. ئەمڕۆش، ڕژیمی ئیسلامی ڕووبەڕووی هەمان چارەنوس دەبێتەوە. جەماوەرێکی کە چەخماخەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی «ژن، ژیان، ئازادی»یان لێدا، لەژێر ئەم گوشارانەدا جارێکی تر ناگەڕێتەوە بەرەو دواوە

ئێمە ئەم شەپۆلی سەرکوتە بە توندی ئیدانە دەکەین و داوا لە سەرجەم ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین کە بە هەڵگرتنی هەنگاوی جیددی لە بەرامبەر ئەم جینایەتەدا بوەستنەوە. کاتی بێدەنگی بەسەرچووە

ئازادی زیندانیانی سیاسی، ڕاگرتنی سزای لەسێدارەدان و ڕووخاندنی ئەم نیزامە جینایەتکارە، تەنها ڕێگای ڕزگاربوونی ئێرانە لەم کارەساتە مرۆییە. خەڵکی ئێران شایەنی ژیانێکی تەژی لە ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤایەتین، نەک ژێر سێبەری پەتی سێدارە و ئەشکەنجە

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە بۆ ڕووخاندن و لەگۆڕنانی دەسەڵاتی ستەمکار و سەرەڕۆ، کۆتایی هێنان بە هەژاری، گەندەڵی و نەهامەتی و هەروەها ڕێگریکردن لە شەڕە وێرانکارەکان، هیچ ڕێگایەکی ترمان لەبەردەمدا نییە جگە لە پەرەپێدان بە بزووتنەوە پێشڕەو و چەپ و پێشکەوتنخوازکان و هەروەها درێژەدان بە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی». ئەمە تەنها ڕێگای ڕزگاربوونی ئێرانە لە دەستی ئەم دەسەڵاتە دژە خەڵکە و هەنگاونان بەرەو داهاتوویێکی ڕوون و ئینسانی

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٥ی پووشپەڕی ١٤٠٤**

****

# تۆڵەسەندنەوەی شکست لە جەماوەر، ئاگری خەبات لە دژی ڕێژیم بلێسەدارتر دەکات



کۆماری ئیسلامی لە دوای شکستی سەرشۆڕانەی سەربازی و زانیاریی لە بەرامبەر دەوڵەتە داگیرکەر و دژی خەڵکییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، چ ڕەفتارێک لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری جەماوەری تووڕە و ناڕازیدا دەکات؟ خستنەڕووی ئەم پرسیارە لە دوای ئاگربەست لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا دەستی پێکردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دەبێت. یەکێک لە هاوڵاتیانی دانیشتووی شاری قەزوێن هیوای ئەوەی خواست کە کۆتایی شەڕ ئاکامی ئەرێنی لێبکەوێتەوە. ئەو پێیوایە کە حکوومەت ناوێرێت سەبارەت بە حیجابی زۆرەملێ سەختگیری بکات. ئەو وتی: «هەست دەکەم لە دوای دامرکانەوەی هەستەکان، حکوومەت ناچارە خۆی لەگەڵ بابەتەکانی وەک حیجاب و ئازادییە تاکەکەسییەکاندا بگونجێنێت.» یەکێک لە توێژەرانی زانکۆی تارانیش لەسەر ئەو بڕوایە بوو. ئەو وتی باوەڕ ناکات کە حکوومەت بتوانێت پاشەکشە بکات بەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئاکامی ناڕەزایەتیی بەربڵاو لە دژی یاسای حیجاب دروست بووە. ئەو هەروەها وتی: «بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەوانەیە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێوشوێنی سەختگیرانەتر نەگرنەبەر، چونکە بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیلەوە لاوازتر بوون.» لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا هەندێک لە هاووڵاتیانی تر جۆرێکی دیکە بیر دەکەنەوە. ژنێکی وشیار لە وتووێژێکدا وتوویەتی کە ڕێژیم تۆڵەی شکستەکەی لە جەماوەر دەکاتەوە. ژنێکی تریش هەر بەو شێوەیە وتی کە ڕێژیم پێشتریش لە کاتی هەموو شکست و قەیرانێکدا هەر بەو شێوەیە ڕەفتاری کردووە. چالاکێکی مافەکانی مرۆڤ وتی کە لە دوای ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی شاردنەوەی شکستی سەربازی و ڕێگریکردن لە ناڕەزایەتییەکان و پاراستنی مانەوەی خۆی، پێویستی بە سەرکوتی زۆرترە کاردانەوەکانی ڕێژیم لە دوای ئەو شکستە ڕیسوا و سەرشۆڕانە، لەوانە دەستگیرکردنی بەربڵاوی هاووڵاتیان، زیادکردنی ئێعدامەکان، چوارهێندە کردنی هەوڵی دەرکردنی ئەفغانستانییەکانی دانیشتووی ئێران و هەڵبەستنی تۆمەتی "سیخوڕی بۆ ئیسرائیل"، ئەو لێدوانانە پشتڕاست دەکاتەوە. سەرەڕای دووپاتکردنەوەی بەڵێنە پووچ و بێنەماکانی بەناو سەرۆک کۆمار لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەبارەت بە یەکگرتوویی نیشتمانی، بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز سێ بەرپرسی باڵای ئەمنییەتیی ئێران بەم هەواڵنێرییەیان وتووە کە تەرکیزی سەرەکی دامەزراوە ئەمنیەتییەکان ئێستا بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەگەری هەڕەشە ناوخۆییەکان بەتایبەت لە ناوچە کوردنشینەکان. لەسەر بنەمای ئەم سیاسەتە سەرکەتگەرانە، تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠٠ کەس دەستگیر کراون، کە بریتین لە چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت لە کوردستان و ناوچە بەلووچنشینەکان و ١٠ کەس ئێعدام کراون. پەروەندەسازی و هەڕەشە بە بیانووی بێبنەمای سیخوڕی بۆ ئیسرائیل، نەک تەنها لەدژی هاووڵاتیانی ناڕازیی ئێرانی، بەڵکوو لە دژی کۆچبەرانی ئەفغانستانیش زیاتر بووە.

بەڵام پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە کە ئایا ڕێژیم دەتوانێت چڕکردنەوەی سەرکوتەکان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە پێبدات؟ بۆ وەڵامدانەوەی دروست بەم پرسیارە، پێویستە دۆخی ڕێژیم پێش لەو شکستە سەرشۆڕانەی ئەم دواییانە وەبیر بهێنرێتەوە

**١-** پێش ئەم شەڕەی دوایی کەلێن و ناکۆکییە سیاسییەکانی سەرەوە ئاشکرا و هەندێکجار میدیایی کرابوونەوە. شەڕ بە شێوەیەکی کاتی بووە هۆی کەمبوونەوەیان. لاوازبوونی بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات پێش شەڕ و ئاشکراتربوونی شکستی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی لەو شەڕەی ئێستادا، بەرەو لێواری هەڵدێری دەبات. ئەم بابەتە وزە و متمانەبەخۆبوونێکی زیاتر بە دژبەرەکانی دەبەخشێ و کەلێن و ناکۆکییەکان لەسەرەوە پەرە پێدەدات

**٢-** ناکۆکییەکان سەبارەت بە ستراتیژی ئابووری و بەرتەسککردنەوەی هەرچی زیاتری بواری بەشداریکردنی کەرتی تایبەت لەوەدا، پەرەسەندنی بەردەوامی قەیران لە پرسە ئابوورییەکان، ستراتیژی بەرگریکارانەی ڕوو لە ڕۆژهەڵات و هەزینەی قورسی هێزە بەوەکالەتەکان، مەسەلەی ناوەکی و زۆر بابەتی تر سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی سروشتی لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە، توندتر دەبن

**٣-** ئەو بزووتنەوە کۆ مە ڵا یە تیا نە ی کە لە واقیعییەتە کۆ مە ڵا یە تیە کا نە و ە سەرچاوە دەگرن، بەهۆی خراپتربوونی دۆخی ئابووری، توندتربوونەوەی ستەم و سەرەڕۆیی و پەرەسەندنی کەلێنی نێوان ڕێژیم و جەماوەر، تووڕە و ناڕازیتر لە پێشوو دێنەوە مەیدان. دەستکەوتی هاوپشتی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە ئاراستەی یارمەتیدان، بڵاوکردنەوەی هەواڵی باوەڕپێکراو و پاراستن لە ماوەی ١٢ ڕۆژی شەڕدا، لە خزمەت ئەم بزووتنەوانەدا بووە و بەهێزتریان دەکات

**٤-** هێزە بەوەکالەتە شکستخواردو و لاوازبووەکان لە دوای ئەم شەڕە دڵساردتر و لاوازتر دەبن و هەندێکیان بەرەو توانەوە و لەناوچوون دەڕۆن. ئەوان لەو ماوەیەدا کە ئیسرائیل و ئەمریکا ڕێژیم و جەماوەری مەدەنیان کردبووە ئامانجی هێرشی سەختی خۆیان، هیچ چەشنە یارمەتییەکیان بە دەسەڵاتدارانی ئیسلامی نەکرد

**٥-** لەسەر بنەمای ئەو ڕاستیانەی کە ئاماژەیان کرا، بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات بەهۆی گورزێکی کە لەم شەڕەدا بەریکەوت، لاوازتر بووە و زەمینەی ڕووخاندن و دوورخستنەوەی لە دەسەڵات ئامادەتر بووە. لە ئێستادا پێویستە کرێکارانی وشیار و خەباتکار، ژنانی خۆڕاگر و تێکۆشەر، خانەنشینان و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، هاوکات لەگەڵ پرسە تایبەتەکانی خۆیان، زیاتر بیر لە سبەینێی دوای کۆماری ئیسلامی بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هاوسەنگی هێزی نێوان خۆیان و ڕێژیم بەهێزتر بکەن، هەرچی زیاتر لە ئۆپۆزسیۆنی ڕاست دوور بکەونەوە، لەگەڵ سەرمایەداری و چەوسانەوە دژایەتی بەهێزتر بکەن و هەروەها گرنگی زیاتر بدەن بە پێویستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لەلایەن کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و بە واتایەکی تر هەنگاوی جدیتر بنێن بەرەو سۆسیالیزم

****



# شەپۆلی نوێی دەرکردن و سیاسەتی دژە ئەفغانستانی کۆماری ئیسلامی

گوشارێکی نەژادپەرستانە بە ئامانجی سیاسی دژ بە ژنان و پیاوانی ئەفغانستانی کە بە ناچاری لە ئەفغانستانەوە کۆچیان کردووە بۆ ئێران، بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. یەکسەر دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی، وەزیری دەرەوە، لە ڕێگەی بڕیارنامەیەکەوە فەرمانی دەرکردنی بەربڵاوی کۆچبەرە ئەفغانستانییەکانی بە فەرماندەیی پۆلیسی ئێران ڕاگەیاند. لەم فەرمانەدا، ئەو کۆچبەر و ئاوارە ئەفغانستانیانەی کە بەڵگەنامەی فەرمی مانەوەیان نییە ئاگادار کراونەتەوە کە دەبێت هەتا ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕ ئێران بەجێبهێڵن. جێگای ئاماژەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ئەفغانستانییەکانی نیشتەجێی ئێران بەڵگەنامەی فەرمییان نییە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەم کاربەدەستانە دەیڵێن، دەرکردنەکان تەنیا کۆچبەرە نافەرمییەکان ناگرێتەوە. زۆرێک لە ڕاپۆرتەکان نیشانیدەدەن کە لە نێو دەرکراوەکان کەسانی وایان تێدا بووە کە پاسپۆرت یان بەڵگەنامەی مانەوەی فەرمیان هەبووە. تەنانەت زۆرێک لەوانە لە ئێران لەدایکبوون و تەنیا دایک و باوکیان ئەفغانستانین. ئەم کەسانە پێش دەرکردنیان تاڵان دەکرێن. بەپێی ئەو ڤیدیۆیانەی کە بڵاوکراوەتەوە، مەئموورانی ڕژیم ئەفغانستانییەکان دەستگیر دەکەن و دواتر داوای بەرتیلیان لێدەکەن، زۆرجاریش کە پارەکەیان لێوەردەگرن، بە زۆر دەیانبەنە ناو کەمپەکانی ناردنەوە. ئەگەر کۆچبەرێک پارەی نەبێت، بەوپەڕی توندوتیژی دەیخەنە ناو ئۆتومبێلی بارهەڵگر و دەیاننێرن بۆ ئەو کەمپانە. هێزە ئەمنییەکانی ڕژیم ڕایانگەیاندووە کە لەمەودوا بەکرێدانی هیچ جۆرە موڵکێک بە کۆچبەرە ئەفغانستانییەکان ڕێگەپێدراو نییە و ئەگەر ئەم یاسایە پێشێل بکرێت، گرێبەستەکان هەڵدەوەشێننەوە و دەست بەسەر موڵکەکاندا دەگیرێت

دوای ئەم ئاگادارکردنەوەیە، شەپۆلی گەڕاندنەوەی ناچاریی کۆچبەران لە ئێرانەوە بۆ ئەفغانستان دەستیپێکردووە. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری میهر، تەنیا لە هەفتەی یەکەمی دەرچوونی ئەم فەرمانەدا، زیاتر لە ٢٥٠ هەزار ئەفغانستانی ناچاربوون ئێران بەجێبهێڵن. ڕاپۆرتەکان دەریدەخەن کە ٪٧٠ی ئەو کەسانە تەنانەت دەرفەتیان پێنەدراوە کە سامانەکانیان کۆبکەنەوە و ناچاربوون هەموو شتێک بەجێبهێڵن. دەرکردنەکان لە زۆر حاڵەتدا هاوکات بووە لەگەڵ توندوتیژی و ئەزییەت و ئازار. بۆ زۆرێک لەو کەسانە تەنانەت دەستڕاگەیشتن بە زۆرێک لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی وەک نان، دەرمان و ئاوی خواردنەوەش دژوار بووە. ئەم هەوڵانە بەشێکن لە ستراتیژێکی ئاگایانەی ڕژیم بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی سەرنجەکان لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی وەک گەندەڵی و دارمانی ئابووری و نیشاندانی ئەفغانستانییەکان وەک دوژمنێکی خەیاڵی. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٥دا، لانیکەم ٣٢ شارۆمەندی ئەفغانستانی لە ئێران لەسێدارەدراون و لە ساڵی ٢٠٢٤دا ئەم ژمارەیە گەیشتە زیاتر لە ٨٠ کەس. ئەم ئێعدامانە زۆربەی کات بەبێ دادگاییکردنی دادپەروەرانە، بەبێ وەکیل و لەژێر ئەشکەنجەدا بەڕێوە دەچێت. کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە ڕێگەی چڕکردنەوەی سیاسەتی دژە ئەفغانستانی، ڕاگەیاندنە فەرمییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەکاردهێنێ. ئەوان بە فەرامۆشکردنی ڕۆڵی کاریگەری کرێکارە ئەفغانستانییەکان، هەر ڕووداوێکی بچووک وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی نەفرەت و بێزاریی دژ بەوان بەکاردەهێنن. ئەگەر تاوانێکی دەستدرێژی یان کوشتن ڕوودات، ڕاگەیاندنەکان بەبێ هیچ توێژینەوەیەک ئەفغانستانییەکانی پێ تۆمەتبار دەکەن. ڕاگەیاندنە گوێڕایەڵەکانی دەوڵەت بە لێکۆڵینەوەی بێ بنەما، کەمی ئاو، کارەبا و بەتایبەتی گرانبوونی نان، دەگێڕنەوە بۆ بەکارهێنانی زۆری ئەو پێداویستییە، لەلایەن کۆچبەرە ئەفغانستانییەکانەوە. ئەوان بوونی پێنج بۆ هەشت ملیۆن کۆچبەری ئەفغانستانی وەک هۆکاری هەژاری و دۆخی نالەباری کرێکاران و زەحمەتکێشان دەناسێنن

ژنان و پیاوانی کرێکاری ئەفغانستانی، لە زومرەی هەرەزانترین هێزی کار لە ئێرانن. ئەوان بەردەوام لەژێر چاوەدێری، بێبەشی و سووکایەتی پێکردندا بوون بۆ ئەوەی ناچار بە قبوڵکردنی ژێردەستەیی خۆیان بن. بێبەشبوون لە بیمە و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، قەدەغەی نیشتەجێبوون لە زۆر پارێزگا، پیشاندانیان وەک دیلی ناو قەفەس و دەرکردنیان بەشێوەیەکی توندوتیژی لە کاتی دەستگیرکردندا، تەنیا بەشێکی بچووکن لەو نەهامەتیانەی کە بەسەر ئەفغانستانییەکاندا دێت. ئێستا کە شەپۆلی دژە کۆچبەری لە ئورووپای ڕۆژئاوا، بووەتە هۆی بەهێزبوونی حیزبە ڕاستە توندڕەوەکان، کۆماری ئیسلامیش سیاسەتەکانی ئەوان وەک نموونە پەیڕەو دەکات. ئەمە ڕاستییەکی ڕوونە کە کرێکارە کۆچبەرە ئەفغانستانییەکان سەرچاوەی ئاوەدانی و داهاتێکی زۆربوون بۆ خاوەنکارەکان و سپای پاسدارانیش لە شەڕەکاندا و لەوانە شەڕی سووریا بەکاری هێناون و بووەتە هۆی مەرگی ژمارەیەکی زۆر لەو کۆچبەرانە. جێگەی پرسیارە کە بۆچی لەم بارودۆخەدا سیاسەتی دژە ئەفغانستانی و دەرکردنیان بەم شێوەیە چڕبۆتەوە؟ واقیعییەت ئەوەیە کە ئەمە بۆ دەسەڵاتداران و خاوەنکاران، وەک هەموو شوێنێکی تری جیهان، بابەتێکی سیاسییە. بەڵام ئەم سیاسەتە لە کۆماری ئیسلامیدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ڕژیم لە بارودۆخێکی هێندە خراپدایە کە تەنانەت ناتوانێت ئاو و کارەبا و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی خەڵک دابین بکات. هەربۆیە وەک هەموو لایەنە دەستی ڕاستەکانی جیهان، دەبێت بەدوای تاوانبارێکدا بگەڕێت، و ئەویش کرێکارانی کۆچبەرن

ڕژیمی ئیسلامی هاوکات لەگەڵ توندکردنەوەی گوشار بۆسەر کۆچبەرانی ئەفغانستانی، زیاتر لە هەزار کەس لە هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی و نارازییانی دژ بەو دۆخەی ئێستای دەستبەسەر کردووە. لەمڕووەوە پێویستە هەڵسووڕاوانی کرێکاریی، ژنان، خانەنشینان و سەرجەم چین و توێژە خەباتکار و نارازییەکانی تر، وێڕای درێژەدان بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان، پتر لە هەمیشە بیر لە پشتگیری کردن لە هاوچارەنووسە ئە فغا نستا نییە کا نی خۆیان بکەنەوە. بەر لە هەموو شتێک، پێویستە پڕۆپاگەندەی درۆین و نەژادپەرستانەی شوینیستەکان پووچەڵ بکرێتەوە. پێویستە بە هەر شێوەیەک کە دەکرێت، بەرامبەر بە هەر هێرشێک لەلایەن مەئموووران، شوینیستەکان و هاووڵاتییانی بێئاگای ئێرانی بۆسەر ئەم خەڵکە (کە زۆربەیان کرێکارن) یارمەتیدەریان بن. پێویستە کاتێک دەکەونەژێر چاودێری و بەدواداچوون، پەنایان پێبدرێت. ئەم هەنگاوانە ئەرکێکی ئینسانییە و بەرەی خەباتی جەماوەر دژ بە کۆماری ئیسلامی بەهێزتر دەکات

****

# هێز و ڕووناکی: لێکۆڵینەوەی ڕوسیل لی لە کانەکانی خەڵوز"
# نووسەر: مێرسی کۆکا سۆریانۆ | لە ٩ی ئایاری ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە

**وەرگێڕ: سەلام قادری**

"هێز و ڕووناکی: لێکۆڵینەوەی ڕوسیل لی لە کانەکانی خەڵوز" پێشانگایەکی فۆتۆگرافییە لە مۆزەخانەی ئەرشیفی نیشتمانی لە واشنتۆن دی سی، کە واقیعە سەختەکانی ژیانی کرێکارانی کانگاکانی خەڵوزی ئەمریکا لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا وێنا دەکات. لە پێشانگاکەدا نزیکەی ٢٠٠ وێنەی سەرنجڕاکێش لەلایەن ڕوسیل لیەوە نمایشکراوە، کە لە کاتی لێکۆڵینەوەیەکی فیدراڵی لە ساڵی ١٩٤٦دا گیراوە. بە گشتی لەسەر بارودۆخی ژیانی کرێکارانی کانگاکانی خەڵوزە لە ١٣ ویلایەتدا، لەنێویاندا کێنتاکیی، ویرجینیای ڕۆژئاوا، وایۆمینگ و پێنسیلڤا نیا

هەر لەو ساتەوەی کە چوومە ناو پێشانگاکە، وێنەکان بە ڕیالیزمی خام و هێزی سۆزدارییان سەرنجیان ڕاکێشام. وێنەکان بە شێوەیەکی زیندوو ئەو بارودۆخە سەختەیان نیشان دەدا کە زۆرێک لە کرێکاران و بنەماڵەکانیان تەحەمولی دەکەن. وێنەی ماڵی کرێکاران بە تایبەتی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر من بەجێهێشت: پێکهاتەی وێرانە و زەوییە قوڕاوییەکان، کە هەندێکیان لە لێواری دارماندا بوون، یان ئەو مەترسییانەی کە لە پێکهاتەی خانووەکاندا دیار بوون و شێوازی دابینکردنی ئاوەکە، کە دەکرا نەخۆشی لێبکەوێتەوە. هەروەها ئەو خێزانانەی لە وێنەکاندا دەدیتران، دڵتەزێن بوون: زۆرێک لە منداڵەکان پێ خاوس بوون، جل و بەرگی کۆنیان لەبەردا بوو و بە ڕوونی بەدخۆراکییان پێوە دیار بوو

ئەو وێنەیەی کە زۆر بە قووڵی سەرنجی ڕاکێشام، وێنەی کچێکی بچووک بوو کە منداڵێکی ساوای لە دەستدا بوو. لە ژێر وێنەکەدا نووسرابوو کە خێزانی لاوسۆن مایۆ دە منداڵیان هەیە. زۆرجار منداڵە گەورەکان بەرپرسیارن لە چاودێریکردنی خوشک و برا بچووکەکان، ڕەنگە لەبەر ئەوەی هەردوو دایک و باوکەکە کاریان کردووە بۆ ئەوەی خێزانەکە بژین ڕوسیل لی ڕوانگەیەکی قووڵی مرۆڤدۆستانە لە ژیانی کرێکاران و خێزانەکانیان پێشکەش دەکات؛ نەک تەنها شوێنی کار، بەڵکو ماڵ و قوتابخانە و خەباتی ڕۆژانەیانی کردوە بە داکیومنت. وێنەکان سەرسامیان کردم، چونکە دوو هەستی دژبەیەکیان دەگەیاند: یەکێکیان لە ئازارەکانیان، پێویستییەکانیان و ئارەزووی ژیانێکی باشتر لە بارودۆخێکی سەختدا دەدواو؛ و ئەوی تریان سەرەڕای سەختییەکان، شانازی و هاودەنگی کۆمەڵایەتی و خۆڕاگرییانی دەگەیاند. کرێکاران وەک قوربانی وێنا ناکرابوون، بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی یەکگرتوو و خۆڕاگر و بە کەرامەت وێنا کرابوون

مانگرتنی کرێکارانی کانگەکانی خەڵوز لە ساڵی ١٩٤٦ داو، زنجیرە وێنەییەکانی ڕوسیل لی بە قووڵی تێکەڵاون، چونکە هەردووکیان دەرئەنجامی تێڕامان و گەشەی هزری

درێژە لە لاپەڕەی١٥

دریژه ی لاپەڕەی٥

کرێکاران بوون. هەروەها لە ئاستی نیشتمانیدا دەرخەری واقیعە سەختەکانی ژیانی ئەم کرێکارانە بوون. مانگرتنەکە بە سەرۆکایەتی جۆن ئیڵ لویس و یەکێتی کرێکارانی مین لە ئەمریکا بەڕێوە چووبوو، و بارودۆخی مەترسیداری کارکردن و کەمی مووچە و کەمی چاودێری تەندروستی ئاشکرا دەکرد. بارودۆخەکە هێندە ترسناک بوو بوو کە ببووە هۆی یەکێک لە گەورەترین مانگرتنەکان لە مێژووی ئەمریکادا

وێنەکانی لی هەم وەک هونەری بەڵگەنامەیی و هەم وەک هونەرێکی قایلکەر، کاریگەر بوون. ئەوان ڕوانگەیەکی بەرجەستە و سۆزدارییان بە یاسادانەران و خەڵک دا کە لە ئامار و ڕاپۆرتەکان نەیان دیتبوو. ئەو خێزانانەی لە خانووبەرە و کارگەی تەنگ و داڕماودا دەژیان؛ ئەو کرێکارانەی کە بەدەست نەخۆشی سییەکانیانەوە دەیاننالاند، منداڵانی بێ پێڵاو و بێبەش لە پاکوخاوێنی، هەموو ئەم وێنانە ڕەنگدانەوەی داخوازییەکانی کرێکارانی مانگرتوو بوون و ڕەهەندێکی ئەخلاقییان بە داواکارییەکانیان دەبەخشی

.......................

**پەخشانێک بەناوی:**
**« جیهانی برسی»**
**ن: سەلام قادری**

من چاوەکانم برسی نین
لە جیهانێکی برسیدا، دیلی
دیلخانەی ئەو ڕۆژانەم
کە هەنسکی مناڵە
برسیەکانی
بریسکە لە جەرگ دێنێ
تۆ برسیەتی ئەو جیهانە
برسیەی
مامۆستا،ئوستاد، بۆینباخ
شۆڕ
خۆ ئاوێزان دەکەی بە ناوی
حیزبا
بە ناوەڕۆکی
شۆڕشگێڕیەتیدا
برسیت،برسی شانازیەکانی
برسی پلەو پایەی ناو
کارگەو مەعمەلی
هێندە کوێر برسیت
پێ بەسەر شان و ملی
هاوچینەکانتدا دەنێی
تۆ، تۆی برسی
بە چەمینەوەی کرێکارەکانا
سەرکەوتنە بچووکەکانت
ڕۆدەنێی
حیلکەت ئەڵێی حیلکەی
ئەسپی نەسرت و نەخۆشە
کاتێ خاوەنکار بە باڵای
وردیلەیتا هەڵئەدا
کاتێ گوشارت هێناوە بۆ
کرێکارێ
داتاشێ لە خۆی گیان و
ژین
هەڵسوڕێت پێ بەپێی ماشین
ئەو کاتەی خێرایی کار
ئەبێتە هۆی کەم ئەندام
بوونی کرێکار
ئەبێتە هۆی گیان
لەدەستدانی
هەڵبەت ئەو کاتەش شان
دەجوڵێنی و دەڵێی گێل بوو
بووە قوربانی لێنەزانی.
نا،نا ئەو لێنەزان نەبوو
تۆ، تۆ جەناب لێنەزانی
تۆی لە مرۆڤ بوونی خۆت
نازانی
بەختت و بێبەختیت پێچەوانە
دەبینی
گچکەییتت لێگەورەیە
تۆ،تۆ قوربانی شوێنی
کاری
قوربانیت، قوربانی قەتارەی
نامۆیی بێ ئەژماری
ئەو قوربانی جیهانێکی ڕەش
و تاڵە
قوربانی جیهانێکە کە
میرغەزەبی خاوەنکاران
خواوەندی دۆزەخەکانن و
تۆیش زیخ و چەوی
بەردەستیانی.

****

# مرۆڤایەتی لە بەرامبەر کردەوە ڕەگەزپەرستییەکانی ڕێژیمد



سۆشیال میدیا خۆجێییەکان لە سیستان و بەلوچستان بڵاویانکردەوە کە چالاکی ٢٤ کاتژمێری وێستگەی خۆڕسکی یارمەتییە جەماوەرییەکان بۆ پەنابەران و کۆچبەرانی ئەفغانستانی لە نزیک کەمپی غەدیر لە زاهیدان هەروا بەردەوامە لە چالاکییە مرۆییەکانی خۆی. وێستگەکە کە ٢٤ کاتژمێر چالاکە، ئەرکی کۆکردنەوە و پاکەتکردن و دابەشکردنی کەرەستە سەرەکییەکانی وەک ژەمە خۆراکی گەرم، نان، ئاوی خواردنەوە، خورما، شیری وشک و دایبی منداڵ، پەنیر و تەماتە و پێداویستییە سەرەتاییەکانی دیکەی لە ئەستۆیە. بەشێک لەو کەلوپەلانە لە نزیک ئەو پاسانەی کە ئامادەن بۆ ناردنەوەی کۆچبەران بۆسەر سنوور، بەسەر خێزانەکاندا دابەش دەکرێن، ئەوانی دیکەش دەگوازرێنەوە بۆناو کەمپی غەدیر. یارمەتییە جەماوەرییە خۆڕسکەکان بۆ کۆچبەرانی ئەفغانستان کاتێک دەستی پێکرد کە خەڵکی ناوچەکە درکیان بە بارودۆخی نامرۆڤانە و سەختی کەمپی غەدیر لە زاهیدان کرد، جێگایەکی کە هەزاران کۆچبەری ئەفغانستانی بەبێ ئیمکاناتی تەندروستی و لەژێر گەرمای تاقەت پروکێندا و بەبێ خوراک و ئاوی خواردنەوە ڕاگیرابوون

هاوکارییە جەماوەرییە خۆڕسکەکان بۆ پەنابەران و کۆچبەرانی ئەفغانستانی لە کاتێکدا بەردەوامە کە بەپێی ڕاپۆرتە خۆجێییەکانی دوێنێ، تیمێک لە کۆمەڵەی مانگی سووری کۆماری ئیسلامی لە بنکەیەکی فریاگوزاری گشتی بۆ کۆچبەرانی ئەفغانستان لە نزیک کەمپی ئەلغەدیر لە زاهیدان ئامادە بوون و دەستیانکردووە بە وێنەگرتنی ئەو شوێنە. سەندیکای کرێکارانی شیرکەت واحیدی تاران و دەوروبەر، وەک بەشێک لە چینی کرێکاری ئێران و جیهان، کۆچبەران، پەناخوازان و پەنابەران بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی ئینسانی و کرێکاریی هەر وڵاتێک دەزانێت. ئەوان نووسیویانە کە زۆر گرنگە هەموو ڕێکخراوە کرێکاری و مەدەنییەکان پابەند بن بەم هەڵوێستە نێودەوڵەتییە ڕوون و هاوبەشە و لە هیچ بارودۆخێکدا نەکەونە ژێر کاریگەری کەشوهەوای گەنیوی دژە کۆچبەریی و ڕەگەزپەرستانە. "هێرشکردنەسەر کۆچبەران، هاوپشتی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لاواز دەکات و خزمەت بە بەرژەوەندی حکوومەتەکان و سیستەمی سەرمایەداری دەکات. ڕەگەزپەرستی و تاوانبارکردنی کۆچبەران جێگای ئیدانەکردنە و زیانێکی زۆر بەو هاوپشتییە نێونەتەوەییە دەگەیەنێت کە کرێکارانی ئێران و ناوچەکە و جیهان پێویستی زۆریان پێیەتی. کۆچبەرانی ئەفغانستان سەرەڕای دەیان ساڵ لە ئامادەبوون و بەشداری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات، لە زومرەی بێمافیترین و لاوازترین توێژەکانی کۆمەڵگان. پێشکەشکردنی پاڵپشتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و بەدواداچوون بۆ بەیاساییکردنی پێگەی ئەوان، هەنگاوێکی پێویستە بەرەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و هاوپشتی، کە دەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و کەرامەتی مرۆڤایەتی پێک بێت نەک بەپێی جیاوازی نەتەوە، ڕەگەز، یان باری نیشتەجێبوون. بە پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنە قووڵە ئینسانییەی کرێکاران و مرۆڤدۆستان، لە کۆمەڵگادا لەگەڵ مشتێک قەڵەم فرۆشی ڕەگەزپەرست، چەوسێنەرانی کرێکارانی ئەفغانستانی، ستەرکوتگەرانی حکوومەتی و هەندێک خاوەن خانووی کرێی بێ ئینساف بەرەوڕووین

وەزیری ناوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆژی ٤ی گوڵانی ١٤٠٤ ژمارەی ئەو ئەفغانستانیانەی کە ساڵی ١٤٠٣ لە ئێران دەرکراون، یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس ڕاگەیاند. ئەم ژمارەیە لەو مرۆڤانەی کە بە کەمترین حەقدەست، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری و دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبووندا هەبووە، "ژمارە" نیین. ئەمانە کەسانێکن کە مەئمورانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی دیپۆرتکردنەوەدا جۆرێک هەڵسوکەوتیان بە تایبەت لەگەڵ منداڵاندا کردووە و دەیکەن، کە هەر مرۆڤێکی خاوەن وێژدان ئازار دەدات. شانبەشانی بەرپرسانی حکوومەتی، لەگەڵ تۆڕێکی ڕێکخراو لە درۆ و پڕوپاگەندە لە دژی ژنان و پیاوانی ئەفغانستانی بەرەوڕووین. هەواڵ و زانیارییەکانی ئەم تۆڕە بەربڵاوە بۆتە خۆراکی میدیاکانی ژێر کۆنترۆڵی ڕژیم. مەئمورانی دەستپەروەردەی ئەم تاوانبارانە، دەستیان هەیە لە تاڵانکردنی ئەفغانستانییە بەدیلگیراوەکان و تەنانەت منداڵان و بەلووچە ئێرانییەکانی بێ ناسنامە و دوای تاڵانکردن دیپۆرتیان دەکەنەوە. هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە هەندێک لە خاوەنکاران حەقدەستە وەدواکەوتووەکان و هەندێک لە خاوەن خانووەکانیش ڕەهن و کرێی پێشەکی کۆچبەرە ئەفغانستانییە بەدیلگیراوەکانیان نەداوەتەوە دوای شکستی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەمریکا و ئیسرائیل لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا، ڕێژیم دەستی کردووە بە تۆڵەسەندنەوە لە تێکۆشەران و نەیارانی خۆی. مەئموورە ئەمنییەتییەکانی ئەم حکوومەتە دژە خەڵکە، لەسەر ئەم بەستێنە ژمارەیەک لە ئەفغانستانییەکانیان بەبێ هیچ بەڵگەیەک بە سیخوڕیکردن تۆمەتبار کردووە، لە کاتێکدا دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەوانە سی ئای ئەی و موساد، دەستیان بەو زانیاریانە گەیشتووە کە تەنها لەبەردەستی بەرپرسانی باڵای ڕژێمدا بوون.

ژنان و پیاوانی کرێکاری ئەفغانستانی لە زومرەی هەرزانترین هێزی کاری ئێرانن. ئەوان بەردەوام لە ژێر چاودێری و بێبەشی و سووکایەتی پێکردندا بوون بۆ ئەوەی ژێردەستەیی خۆیان قبوڵ بکەن. بێبەشبوون لە مافی بیمە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، بێبەشبوون لە مانەوە و نیشتەجێبوون لە زۆرێک لە پارێزگاکان، نمایشکردنیان لەناو قەفەسدا و دیپۆرتکردنەوەیان بەشێوەیەکی توندوتیژ لە کاتی دەستگیرکردندا، تەنها بەشێکی کەمن لەو ئازارانەی کە بەسەر ئەفغانستانییەکاندا هاتووە. لەو هەلومەرجە سەختەی کە ئەمڕۆ پەنابەرانی ئەفغانستان لە ئێران لەگەڵیدا بەرەوڕوون، لە پەنای دژایەتیکردن لەگەڵ سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەکانی کۆماری ئیسلامی، کردەوەی ئینسانی و مرۆڤدۆستانەی وەک ئەوەی لە ئۆردوگای غەدیر لە زاهیدان بەڕێوە چووە، ئەرکێکی ئینسانییە کە دەبێ وەک نموونە وەربگیرێت. پەنابەرانی ئەفغانستان دەبێ بە ڕوونی لەوە تێبگەن کە لە نێوان هەڵسوکەوتی خەڵکی ئێران و هەڵسوکەوتی ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێراندا جیوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە و دەبێ بە هەستی هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازارچێشتووی ئێران بگەڕێنەوە بۆ ئەفغانستان

****

## دەوڵەتانی چەوسێنەر و تاڵانکەر بەرپرسیارێتی کردەوەکانی خۆیان وەئەستۆ ناگرن.

ڕۆژ نییە هەواڵی دڵتەزێنی نقومبوونی بەلەمێکی لاستیکی یان پاپۆڕێکی لە کارکەوتوو لە دەریای ئێژە و دەریای مەدیتەرانە نەبیستین. ئەوە مانای ئەوەیە کە هەموو ڕۆژێك ژمارەیەك ئینسان گیانی خۆیان لە دەست دەدەن، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتانی ئورووپایی دەروازەکانی خۆیان بەرەوڕووی پەنابەران و کۆچبەران و شەڕ لێدراوان و لێقەوماوان دادەخەن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی کۆنوانسیۆنی ژێنێف، ئەو سەنەدە حقوقییەی کە لەلایەن ١٤٤ دەوڵەتەوە واژۆ کراوە، پەنابەر پێناسە کراوە و مافەکانی پەنابەران و هەروەها تەعەهودی دەوڵەتەکان بۆ ئاگاداری کردن لێیانی تێدا ڕوونکراوەتەوە

بەڵام سەرەڕای بوونی وەها پەسندکراوێك سەرانی وڵاتانی پێشکەوتوی ڕۆژئاوایی بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕیاکارانە بەدەست ڕێژەی ئەو ئاوارانەوە کە پەنایان بۆ وڵاتەکانیان بردووە دەناڵێنن و یاسای دژی پەنابەری پەسند دەکەن. لەپاڵ وڵاتانی پیشەسازی و گەشەکردوودا، پادشاهی عەرەبستان و ئەمیرە دەسەڵاتدارەکانی حاکم لە کەنداوی فارسیش ئیزنی کەمترین ئاوارەیان داوە بچنە نێو وڵاتەکانیانەوە. دەروازەکانی ئەم وڵاتانە تەنیا بە ڕووی خاوەنانی سەروەت و سەرمایە و هێزی کرێکارانی کۆچبەری ئاسیاییدا، کە بە بارودۆخێکی کۆیلەئاسا لەم وڵاتانەدا کار دەکەن، کراوە بووە

دەوڵەتانی ئورووپایی و ئامریکا و ئەوانی تر، سەبەبکارانی بەرپابوونی شەڕی وێرانگەر و کارەساتی ئاوارەیین، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئەوانن کە کێبڕکێی تەسلیحاتی پەرە پێ ئەدەن و لەپاڵ ئەم سیاسەتەدا بە میلیارد دۆلار چەك بە حکوومەتەکانی داسەپێندراو بەسەر خەڵکی ناوچەکە دەفرۆشن. ترامپ لە ئامریکا دژی ئینسانی ترین یاساکانی سەبارەت بە پەنابەران دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە دەورەی پێشوی سەرۆك کۆمارییەکەیدا دیوارێکی بە درێژایی ٣١٠٠ کیلۆمیتر لەسەر سنوری ئامریکا لەگەڵ مکزیك دروستکرد. دەوڵەتی ئوستورالیا پەنابەرانی لە زیندانەکانی دوورگەگەلێکی دوورە دەست لە دژی ئینسانیترین بارودۆخدا ڕاگرتووە. یەکێتی ئورووپا بۆ ڕێگریکردن لە چوونی پەنابەران کۆمەڵێك "ڕێگاچارە"یان گرتۆتەبەر کە یەك لە یەکی نا مرۆڤانە ترن. ئەم بەربەستانەن کە بۆنەتە هۆکار بۆ ئەم هەموو قوربانییەی کە لەم ڕێگەیەدا ژیانیان تێدا دەچێ. ئەوە بەو واتایەیە کە دەوڵەتانی چەوسێنەر و تاڵانکەر بەرپرسیارێتی کردەوەکانی خۆیان وەئەستۆ ناگرن

## شیکاریی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر دامەزراوەی فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان



دۆناڵد ترامپ، سەرۆككۆماری ئەمریکا، ڕایگەیاندووە کە ڕژیمی ئیسلامی و ئیسرائیل گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێکی ئاگربەست و بەم زووانە ڕایدەگەیەنن. ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت، دەتوانین بڵێین بە خۆشحاڵییەوە شەڕێکی کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان دەستی پێکرد، دوای ١٢ ڕۆژ بە فەرمی کۆتایی هاتووە. سەبارەت بە پرۆسەی جێبەجێکردنی ئاگربەست و کۆتاییهاتنی فەرمی شەڕ و هەروەها هەڵسەنگاندنی ئەم شەڕە ١٢ ڕۆژە، لە دەرفەتێکی تردا قسە دەکەین. بەڵام لە هۆکاری بەشداری ڕاستەوخۆی ترامپ لە کاتژمێرە کۆتاییەکانی شەڕەدا، خاڵێکی گرنگ هەیە کە ناکرێت هەروا بەسەریدا تێپەڕبین. ئێستا ڕوون بووەتەوە کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ناوەندەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم لە فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان، بەجۆرێك لە جۆرەکان دەستپێکی کۆتایی شەڕ بووە. دەزانین کە ئەم هێرشە بە ئەنقەست زۆر گەورە پیشاندرا و بەرپرسانی ئەمریکا هەراوهوریایەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕووداوە وەڕێخست. هەرچەندە لە ڕاستیدا ئەو هێرشە گرنگییەکی سەربازی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ئامانجێکی سیاسی ئیمپریالیستی دیاریکراوی هەبوو کە دەروونناسی ڕەفتاریی ترامپ لەم ماوەیەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە ترامپ دەیزانی کە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل بە چەندین هۆکار ناتوانێت درێژە بکێشێت. ئەگەر ئەم گفتوگۆ و سازشکردنە فەرمی بکرێتەوە یان نەکرێتەوە، پرۆژەی ئەتۆمی ڕژیمی ئیسلامی لەم قۆناغەدا کۆتایی پێهاتووە و ئەمە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل سەرکەوتنێکە. بەڵام ترامپ نەیدەویست ڕێگە بدات کە «شانازی» کۆتایی هێنان بەو پرۆژەیە تەنیا بە نەسیبی نەتانیاهو بێت. تا بەر لە ڕۆژی ٢٣ی جۆزەردان، ترامپ هەوڵیدا لەڕێگەی گفتوگۆ و لەژێر سێبەری هەڕەشەی سەربازیدا، ڕژیمی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە بکات و ئەم سەرکەوتنە بە ناوی خۆی تۆمار بکات. ترامپ پێویستییەکی زۆری بەم سەرکەوتنە هەبوو. لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە، گەلێک دروشم و بەڵێنی گەورەی دابوو، بەڵام هەموویان بوون بە بلقی سەرئاو. نە توانی کەناڵی پاناما بگەڕێنێتەوە بۆ ئەمریکا، نە دەست بەسەر گرینلاندی دانمارک دا بگرێت و نە کانەدا وەک پەنجاو یەکەمین ویلایەت بە ئەمریکاوە بلکێنێت، نە شەڕی ئۆکراین کۆتایی بهێنێت و خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ بباتەوە. سیاسەتی دانانی باجەکانیش گەمەیەکی ئابووری بیرلێنەکراوە و مەترسیدار بوو، کە سەرەنجام ناچاربوو لە نیوەی ڕێگادا بیوەستێنێت. تەنیا دەمێنێتەوە سیاسەتی کۆچبەری و دەرکردنی پەنابەران، کە ئەگەرچی ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە بەرەوڕوو بۆوە، بەڵام بەهەرحاڵ یەکێک لەو پرسانە بوو کە زۆر جێگەی شانازی نەبوو. لەنێوان ئەم هەموو شکست و ناکامییەدا، تەنیا ڕژیمی ئیسلامی مابوو کە دەیتوانی سەرکەوتنێکی هەرچەند بچووک، بۆ ترامپ دابین بکات

لە ماوەی ٢ مانگ و ٦ گەڕ گفتوگۆ و دانوستانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەنێوان نوێنەرانی هەردوولادا، ئەم ئامانجە بەدەست نەهات. ترامپ تێگەیشت کە لە گەمەی دیپلۆماسیدا ناتوانێت ڕژیمی ئیسلامی شکست پێبهێنێت. ئەم کۆتا دەرفەتەش کە دەیتوانی ئەم سەرکەوتنە بچووکە لەنێوان ئەو هەموو شکستەدا مسۆگەر بکات، خەریکبوو لەدەست بچێت. لەم قۆناغەدا بوو کە گڵۆپی سەوزی بۆ هێرشی ئیسرائیل هەڵکرد. دوای ١٠ ڕۆژ، کاتێک کەم تا زۆر لە دەرئەنجامی شەڕەکە دڵنیا بۆوە، لە کاتێکی گونجاودا دەست بەکار بوو و نەتانیاهوی تێگەیاند کە نابێت سەرکەوتنەکە تەنیا بەناوی ئەو تۆمار بکرێت و چیتر زێدەخوازی نەکات. دواخستنی بەکارهێنانی فرۆکە بۆمباوێژەکانیش، ئەم دوایین دەرفەتەی لە کیس ترامپ دەدا بۆ بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە. لەمڕووەوە ئەو هێرشەی کە ئەنجام دەدرا، دەبوو لە کاتێکی گونجاودا بێت و زۆر هەراوهوریای لەسەر ساز بکرێت و دەنگ بداتەوە. ئەمە ڕاستیی سیاسەتی ئەمریکا بوو لە بەشداری ڕاستەوخۆی لە شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە خولەکی ٩٠دا. ئەڵبەت نەتانیاهوش کە لەوە تێگەیشتبوو، ڕۆژی دواتر بە فڕۆکەی ئاسایی کێوەکانی فۆردۆی کردەوە ئامانج، بۆ ئەوەی لە پەراوێزی ناوی ترامپ دا، ناوی ئەویش لەم ڕووداوەدا بێتە وێردی سەر زمان

بەڵام گاڵتەجارییەکەی ئەم ڕووداوە ئەوەیە: لە لایەکەوە ڕێبەری ڕژیمی ئیسلامیمان هەیە کە تریلیۆنها دۆلاری لە سامانی خەڵکی ئێران و بەرهەمی ڕەنج و چەوسانەوەی کرێکارانی لە پرۆژەیەکی ئەتۆمی بێکەڵکدا بەفیڕۆداوە کە دەیتوانی لەپێناو گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ خەڵکی ئێراندا بەکار بهێنرێت، لە لایەکی تریشەوە کەسێکی وەک ترامپ و جینایەتکارێکی وەک نەتانیاهومان هەیە کە حوکمڕانی جیهان دەکەن

****

# کۆمەڵگایەکی بە دوور لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە گرەوی ڕوخانی کۆماری ئیسلامیدایە

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی مانگی ژوئێن، بەرابەر لەگەڵ ٥ی مانگی پووشپەڕ، هاوکات بوو لەگەڵ دوو بۆنەی گرنگی جیهانی. یەکەم،" ڕۆژی جیهانی پشتیوانی لە قوربانیانی ئەشکەنجە" و دووهەم،" ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە مادەی هۆشبەر". ئەم بۆنانە لە لایەن کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاریکراون.
کۆماری ئیسلامی لە زومرەی ئەو وڵاتانەیە کە سەبارەت بە هەر دوو بابەتەکە لە ڕیزی یەکەمی تاوانبارانی بەکردەوەی ئەشکەنجە و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەردایە
ئەگەرچی کرداری ئەشکەنجە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کە نوێنەرەکانیان لە کۆبوونەوەی گشتی ئەو ڕێکخراوەدا بەشدارن، باوە، بەڵام لەنێو دەوڵەتانی جیهاندا، کۆماری ئیسلامی پلەی یەکەمی لە بەڕێوەبردنی ئەشکەنجەی وەحشیانە و درێژماوەدا هەیە. ئەم ڕژیمە بۆ بەکارهێنانی ئەشکەنجە، لەژێر ناوی حەد و تەعزیرات، پاساوی شەرعی و یاسایشی هەیە. گەلێک جار لە بیرەوەریەکاندا هاتووە کە زیندانوانان و ئەشکەنجەگەران بەو زیندانیانەی لەسەر هەڵوێستی خۆیان دەمانەوە دەوت:" نایەڵین لێرە بە زیندوویی بچیە دەرێ تا ببیتە" قارەمان"
لە بواری ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە مادەی هۆشبەریش کارنامەی

کۆماری ئیسلامی هەر لەم ڕیزەدایە. گیرۆدەبوون بە مادەی هۆشبەر لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی ڕژیمی ئیسلامی لەوپەڕی خۆیدایە. ئەم ڕاستییە هەموو کەس دەیزانێت. بەڵام ئامارەکان، وێنایەکی دڵتەزێنتر لەم ڕاستییە تاڵە نیشان دەدەن. ئەو ئامارانەی کە هەر جار ناجارێک لە زمان بەرپرسانی حکوومەتییەوە دەبیسترێت ژمارەی گیرۆدەبووانی وڵات بە ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس و ئامارە نافەرمییەکانیش ئەم ڕەقەمە بە زیاتر لە ٨ ملیۆن کەس بەراورد دەکەن. ئەگەر مامناوەندی ئەندامانی یەک بنەماڵەی ئێرانی بە ٤ کەس لەبەرچاو بگرین بەمجۆرە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن کەس لە دانیشتوانی وڵات گیرۆدەی کێشەی ماددەی هۆشبەر و ئاسەوارەکانین لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا. لەسەر بنەمای ئەم ئامارانە نە تەنیا ژمارەی سەرجەم گیرۆدەبووان زیادیکردووە بەڵکوو تەمەنی گیرۆدەبووان لەنێو لاوان و تازەلاواندا گەلێک دابەزیوە و گەیشتۆتە خوارتر لە تەمەنی ١٤ساڵی. بەپێی ئەم ئامارانە ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ کەس بە ژمارەی سەرجەم گیرۆدەبووانەوە زیاد دەبێت و ساڵانە زیاتر لە ٨٠٠ تۆن ماددەی هۆشبەر لە ئاستی وڵاتدا بەکاردەهێنرێت
خەڵک باش دەزانن سەبەبکاران و بەرپرسانی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر کێن و سەوداگەرانی مەرگ

لەکوێ دانیشتوون. هەموان دەزانن کە سەری هەودای ئەم بارودۆخە و بازرگانیکردن بە مەرگ بەکوێوە بەستراوەتەوە و چۆن فەرماندە نیزامیەکانی سەرەوەی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی حکوومەت و چەقۆکێشانی لیباس شەخسی کە لە خزمەت ڕژیمدان، لە تۆڕە مافیاییەکانی بەرهەمهێنان، بڵاو کرنەوە و فرۆشتنی ماددەی هۆشبەر لە نێوخۆدا و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە گلاون و چلۆن شەبەکەیەکیان لە تاوانکارانی حیرفەیی، هەر ئەوانەی کە تیمی عەمەلیاتی دژبە چاخچیانی غەیرە خودی ماددەی هۆشبەر فەرماندەیی دەکەن، سەردارانی سپا و مودیرانی بونیادە ڕەنگاوڕەنگەکان، لەم شەبەکە مافیاییانەدا ڕێکخستووە تا ئەم کالا ماڵوێرانکەرە پڕ سوود و قازانجە بخەنە بازاڕەوە و لەو ڕێگایەوە ئیرادە و شوور و شعووری لاوان نابوود بکەن سپای پاسداران قۆرخی کڕین و فرۆشتن و سەوداگەریی ماددەی هۆشبەر لە ئێرانی لە ئیختیاردایە و فەرماندە سەوداگەرەکانی ئەم ناوەندە لە بەرهەمهێنان، قاچاخ و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، قازانجێکی زۆر دەخەنە گیرفانیانەوە، کەوایە هۆکاری سەرەکی گەشە و پەرەسەندنی گیرۆدەبوون و توشبوونی لاوان بە ماددەی هۆشبەر لە ئێرانن. بەم هۆیەوە خەبات دژبە ماددەی هۆشبەر و پەرەپێدانی لە کۆمەڵگەی ئێراندا جیا نییە لە خەبات دژبە کۆماری ئیسلامی. کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەدوور لە ماددەی هۆشبەر و ئەشکەنجە لە گرەوی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامیدایە



****

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خزمەتگوزاری گشتی

ی ژوئەن، بەرامبەر بە ٢ی پووشپەڕ، لە ساڵنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕۆژی جیهانی خزمەتگوزاری گشتی ناسێنراوە. ئەم ڕۆژە دەرفەتێکی گونجاوە بۆ پێداچوونەوەی دۆخی خزمەتگوزاری گشتی لە وڵاتەکان و هەڵسەنگاندنی کاری دام و دەزگا حکومییەکان لەم بوارەدا. ئەم ڕۆژە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بە فەرمی بەڕێوە دەچێت. خزمەتگوزارییەکی گشتی کاریگەر و کارا، بە بڕبڕەی پشتی هەر کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دادەنرێت. ئەم خزمەتگوزاریانە نەک هەر پێداویستییە سەرەکییەکانی شارۆمەندان دابین دەکەن، بەڵکوو ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە جێبەجێکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی نایەکسانییەکان. هەروەها، چلۆنایەتی خزمەتگوزاری گشتی یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکانی گەشەی مرۆیی و ڕەوایەتیی سیاسی حکوومەتەکان. خزمەتگوزاری گشتی بریتییە لە هەموو ئەو خزمەتانەی کە حکوومەتەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی شارۆمەندان پێشکەشی دەکەن، لەوانە پەروەردە، تەندروستی، گواستنەوە، ئاسایش و هی تر. ئەم خزمەتگوزاریانە نەک هەر یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی چلۆنایەتی ژیان، بەڵکوو ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکان.
ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خاوەنی یەکێک لە خراپترین کارنامەکانە لەم بوارەدا لە سەر ئاستی جیهان. لە وڵاتێکی کە خاوەنی سەرچاوە و سامانێکی زۆر و زەوەندی سروشتییە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە لە چوارچێوەی هەر ئەم سیستەمە سەرمایەدارییە دەسەڵاتدارەشدا، کارنامەیەکی باشتری هەبێت. بەڵام لە ڕژیمێکی کە تریلیۆنها دۆلار خەرجی پرۆژەی ئەتۆمی دەکات و دواتر هەمووی لە یەک شەودا دەبێت بە دووکەڵ و با دەیبات، ناکرێت چاوەڕوانی بارودۆخ و خزمەتگوزارییەکی گشتی لەوە باشتر بکرێت. جگە لەوەی کە بودجەیەکی کەمتر بەراورد بە بەشە سەربازیی و دام و دەزگاکانی سەرکوت و پەرەپێدانی خوڕافات، بۆ بەشی خزمەتگوزاری گشتی دابین دەکرێت، ئاستی خراپی خزمەتگوزاری گشتی دەریدەخات کە چۆن تەنانەت ئەم بودجە

کەمەش بەهۆی سیستەمی گەندەڵی کارگێڕی و نەبوونی کۆنترۆڵ و ناکارامەییەوە، بە شێوەیەکی تر بە فیڕۆ دەچێت. هەروەها، لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕەوتی بە تایبەتیکردن لە بوارە هەستیارەکانیشدا، لەوانە: خزمەتگوزاری پزیشکی و چاودێری تەندروستی، نەخۆشخانەکان، ناوەندەکانی چاودێری بەساڵاچووان، زیندانەکان، ناوەندەکانی چاودێری گەنجانی تاوانبار، زانکۆکان و پەروەردەی منداڵان، گەلێک پەرەی سەندووە. ئەم سیاسەتی تایبەتیکردنە دەتوانرێت وەک هۆکارێکی تر بۆ نارێکی و کەموکوڕییەکانی بواری خزمەتگوزاری گشتی لەقەڵەم بدرێت
خزمەتگوزاری گشتی خاوەن کوالێتی بەرز، مافی سەرەکی هەر شارۆمەندێکە و دابینکردنی، ئەرکی سەرەکی حکوومەتەکانە. بەڵام لە سیستەمێکدا کە ئابوورییە شکستخواردووەکەی پێویستی بە تاڵانکردنی سامانە گشتییەکانە لەژێر ناوی تایبەتیکردن و سەپاندنی سیاسەتی زگ هەڵگوشین بەسەر خەڵکدا لەسەر بنەمای ئابووری نیۆلیبراڵی، چۆن دەکرێت قسە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کارا بکرێت. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، زۆربەی هەژاران و خەڵکی دەستکورت بەهۆی دەستپێڕانەگەیشتن و بێبەش بوون لە بیمەی تەندروستی یان تەنانەت هەبوونی کارتێکی بێ کەڵکی بیمە، خۆیان لە چوون بۆ لای پزیشک و نەخۆشخانە دەبوێرن، کە ئاکامی ئەمەش دەبێتە مەرگێکی پڕ ئازار بەهۆی نەخۆشییە سەخت و چارەهەڵنەرەکان. ئەڵبەتە هەندێکجاریش شایەتی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە دڵ تەزێنانەش بووین کە نەخۆشخانەکان خۆیان لە وەرگرتنی نەخۆشی هەژار و بەتایبەتی منداڵانی بنەماڵە هەژارەکان بواردووە و بوونەتە هۆی مردنیان. بەڵام خزمەتگوزاری گشتی هاوکات پەیوەندی ڕاستەوخۆیی هەیە لەگەڵ هەژاری لە کۆمەڵگادا. بۆ نموونە، لە بواری تەندروستیدا بەمەبەستی دابینکردنی دادپەروەریی، پێویستە خەبات بۆ بنەبڕکردنی هەژاری لە بواری تەندروستیدا ببێت بە ئەرکێکی سەرەکی. چونکە تەندروستی بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی پێشگریکردن لە نەخۆشییەوە

دابین دەکرێت. پێشگیریکردنیش پێویستی بە دابینکردنی خۆراکی پێویست و تەندروست، پەرەپێدان بە زانیاری دەربارەی خۆراکی خاوەن کوالێتی و فێرکردنی چۆنیەتی ژیانی تەندروست، هەبوونی ئارامی دەروونی، وەرزشی ڕۆژانە و چەندین بابەتی تر هەیە بۆ دانیشتوانی وڵات. بەڵام لە سیستەمێکی نوقمی گەندەڵیی ڕژیمدا کە ٧٠٪ی دانیشتوانەکەی لە ژێر هێڵی هەژاری موتڵەق و ڕێژەییدا دەژین، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری خزمەتگوزاری گشتی بۆ بەشی تایبەت تەرخان کراوە، سروشتییە کە زۆربەی خەڵک لە خزمەتگوزاری گشتی بێبەش بن
لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا لەسەر گرنگی خزمەتگوزاری گشتی بێبەرامبەر و گونجاو بۆ سەرجەم دانیشتوانی وڵات جەخت کراوەتەوە. لەم بەرنامەیەدا، دابینکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە بۆ سەرجەم دانیشتوانی وڵات مەبەستە، نەک تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە ناسنامەی ئێرانیان هەیە. ئەم مافە پەنابەرانی ئەفغانستانی، منداڵان و گەورەساڵانی بێ ناسنامە و هەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لەناو جوگرافیای ئێراندا دەژین. هەروەها ئەم بەرنامەیە خوازیاری نەهێشتنی بەشی تایبەتە لە هەموو بوارە خزمەتگوزارییەکانی وەک پەروەردە، تەندروستی، بواری خانەنشینی و چاودێری بەساڵاچووان و هیترە. سەرمایەداران و دەوڵەتی پشتیوانیان، جگە لە کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. ئەوان نایانەوێت هەزینەی خزمەتگوزاری گشتی دابین بکەن. هەتا کاتێک کە شۆڕشی خەڵکی کارگر و زەحمەتکێش و چەوساوە، کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەهێنێت، پێویستە خەڵک بۆخۆیان لەفکری خۆیاندابن و بە پشتبەستن بە خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوی خۆیان، دەوڵەت پابەند بکەن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، لە بواری خزمەتگوزاری گشتیدا

****

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 463-July2025
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی دانیشتووان

ڕۆژی جیهانی دانیشتووان کە ساڵانە لە ڕۆژی ١١ی ژوئیەدا بەڕێوەدەچێت، دەرفەتێکە بۆ ئاوڕدانەوە لە بابەتەکانی پەیوەست بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، گەشەسەندنی بەردەوام و کوالێتی ژیانی مرۆڤەکان لە سەرانسەری جیهان. ئەو ڕۆژە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاریکراوە، لەسەر گرنگی پرسەکانی دانیشتوان و کاریگەرییەکانیان لەسەر ئایندەی گۆی زەوی جەخت دەکاتەوە.
ڕۆژی جیهانی دانیشتووان بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن شۆڕای بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان ( یو، ئێن، دی، پەی) دیاریکرا. ئەو ڕۆژە بە بۆنەی یادکردنەوە لەو ڕۆژە دەستنیشانکرا کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان گەیشتە پێنج ملیارد کەس.
ئەمرۆ کە ژمارەی دانیشتوانی جیهان ٨ ملیارد کەسی تێپەڕاندووە، گرنگی ئەم ڕۆژە زیاتر لە جاران هەست پێدەکرێت.
زۆرێک لە وڵاتانی تازەپێگەیشتو بەتایبەتی لە ئەفریقا و ئاسیا ڕووبەڕووی زیادبوونی خێرای دانیشتووان بوونەتەوە. ئەم گەشەکردنە خێرایە دەتوانێت فشارێکی زۆر بخاتە سەر سامانە سروشتییەکان و ژێرخانی ئابووری و خزمەتگوزارییە گشتیەکان. لەبەرامبەردا زۆرێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕووبەڕووی دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون و پیربوونی دانیشتووان بوونەتەوە. ئەمەش لە بواری دابینکردنی هێزی کار و سیستەمی خانەنشینی و چاودێری تەندروستیدا گەلێک ئاڵەنگاری دروست دەکات. یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ڕۆژی جیهانی دانیشتوان بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر گرنگی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی منداڵبوون و پاڵپشتیکردنی مافەکانی ژنان لە بڕیاردان سەبارەت بە منداڵبوون. هەروەها زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە، گۆڕانی کەشوهەوا و بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان، لە زومرەی بابەتە گرنگەکانی ئەم ڕۆژەن. ڕۆژی جیهانی دانیشتووان دەرفەتێکە بۆ بیرکردنەوە لەو ڕاستییەی کە بەڕێوەبردنی دروستی پرسەکانی دانیشتوان، ڕەمزی بەدەستهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام و داهاتوویەکی باشترە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان. ئەم ڕۆژە وەبیرهێنانەوەی ئەو خاڵە گرنگەیە کە دانیشتوان، نەک هەڕەشەیەکە بۆ ئەوەی کە لێي بترسیت و نە سەرچاوەیەکیشە کە بتوانرێت بەبێ پلان بەهرەی لێوەربگیرێت، بەڵکوو دەرفەتێکە کە بە بەڕێوەبردنێکی ژیرانە، دەتوانرێت یارمەتیدەر بێت لە خۆشگوزەرانی و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا مرۆییەکان
ساڵانە ڕۆژی جیهانی دانیشتوان، بابەتێکی دیاریکراو دەوروژێنێت بۆ ئەوەی سەرنجی جیهانی بۆ لایەنە جیاوازەکانی پرسەکانی دانیشتووان ڕابکێشێت. ئەم ئاراستە بابەتییە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ساڵانە سەرنج بخرێتە سەر یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی ئەم بوارە و ڕێگە چارەی پراکتیکی بخرێتەڕوو. لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم هاوسەرگیری و ئاسانکاری و بەرەوپێشبردنی پێکهێنانی خێزان و زیادکردنی منداڵ، دابەزاندنی تەمەنی هاوسەرگیری و پاڵپشتیکردنی هاوسەرە گەنجەکان و بەهێزکردنیان لەپێناو دابینکردنی خەرجییەکانی ژیان و پەروەردەکردنی نەوەیەکی لێهاتوو و کارامە. بردنەسەرەوەی ئاستی هیوا بە ژیان، دابینکردنی تەندروستی و خۆراکی پێویست و تەندروست بۆ دانیشتوان و ڕێگریکردن لە زیانە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، ڕووداو، پیسبوونی ژینگە و نەخۆشیەکان. دروستکردنی کلتوری ڕێزگرتن لە بەساڵاچوان و ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست بۆ دڵنیابوون لە تەندروستی و پاراستنیان لەناو خێزاندا و پێشبینیکردنی میکانیزمی پێویست بۆ سودوەرگرتن لە ئەزموون و تواناکانی بەساڵاچووان لە بوارە گونجاوەکانی بەهێزکردنی دانیشتوان لە تەمەنی کارکردن لەڕێگەی دروستکردنی ڕۆشنبیری و چاکسازی، بەهێزکردن و گونجاندنی سیستەمی بارهێنان و پەروەردەیی گشتی، ڕەخساندنی هەلی کار، تەکنیکی، پیشەیی تایبەتمەند لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و بەهرەکانیان و هەروەها حەز و خولیای ئەوان بە مەبەستی پێکهێنانی بواری کاری کاریگەر و بەرهەمدار. دووبارە دابەشکردنەوەی فەزایی و جوگرافیایی دانیشتووان بەگوێرەی پۆتانسێلی ژیانیی وێڕای جەختکردنەوە لەسەر دابینکردنی ئاو بە ئامانجی دابەشکردنی هاوسەنگی و کەمکردنەوەی فشاری دانیشتووان. بەڕێوەبردن و ئاراستە کردنی پرسی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی هاوئاهەنگ لەگەڵ سیاسەتە گشتییەکانی دانیشتوان، بە داڕشتن و جێبەجێکردنی میکانیزم و ڕێکاری گونجاو. ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە نیو سەدەی ڕابردوودا گۆڕانکاری بەرچاوی لە ڕووی گەشەی دانیشتوانەوە بەخۆیەوە بینیوە. ژمارەی دانیشتووانی ئێران لە نزیکەی ٣٤ میلیۆن کەس لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ نزیکەی ٩٠ میلیۆن کەس لە ئێستادا زیادی کردووە. لەم پێوەندییەدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەردەوامی سیاسەتی جۆراوجۆری سەبارەت بە پرسەکانی دانیشتووان گرتۆتە بەر. سیاسەتی دانیشتووان لە ئێران دەتوانرێت بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکرێت:
قۆناغی یەکەم: هاندان بەمەبەستی زیادکردنی دانیشتوان (دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠)
لەم قۆناغەدا بەهۆی شەڕی ئێران و عێراق و پێویستی دابینکردنی هێزی مرۆیی، سیاسەتەکان بە ئاراستەی هاندانی زیادبوونی دانیشتوان بەکار هێنران. کۆمەڵێک بەرنامە بۆ زیادکردنی توانایی منداڵبوون و هاندانی خێزانەکان بۆ ئەوەی منداڵی زیاتریان هەبێت بەڕێوەبرا. ئەم بابەتە بووە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی منداڵبوون بە ڕێژەی ٥،٤ منداڵ بۆ هەر ژنێک لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠دا
قۆناغی دووەم: کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان و دابەزینی ڕێژەی منداڵبوون (لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ەوە تا ئێستا)
لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە، بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە لە ئاکامی زیادبوونی دانیشتوانەوە دروستبوو، سیاسەت و ڕێکارەکانی کۆنترۆڵکردنی دانیشتوان و کەمکردنەوەی ڕێژەی منداڵبوون دەستیپێکرد. بەرنامەی تەندروستی گشتگیر، ڕاهێنان سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی منداڵبوون و دەستڕاگەیشتن بە شێوازەکانی ڕێگریکردن لە دووگیانی، لە زومرەی ئەم سیاسەت و ڕێکارانە بوون. ئەم ڕێوشوێنانە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی منداڵبوون بە ڕێژەی ٢.٠ منداڵ بۆ هەر ژنێک لە ساڵانی ڕابردوودا. بە جۆرێک کە ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی ئێران ئێستا گەیشتووەتە کەمتر لە یەک لەسەد
کەمبوونەوەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتووانی ئێران لە کاتێکدایە کە خامنەیی چەندین جار فەرمانی دەرکردووە کە دەبێ ژمارەی دانیشتووانی ئێران بگاتە ١٥٠ ملیۆن کەس. بەڵام وشیاری و واقیع بینی خەڵک وەهمەکانی خامنەیی تێپەڕ کردووە. سەرەڕای فەتوا و فەرمانەکانی خامنەیی، ڕەوتی زیادبوونی دانیشتوانی ئێران خاو بووەتەوە. ئەم ڕژیمە بە پێداگری لەسەر درێژەدان بە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، دەستوەردان لە پرسە ناوچەییەکان، بەرەوپێشبردنی پڕۆژەی سەرکێشانەی ئەتۆمی و مووشەکی و خەرجکردنی ملیارەها دۆلار بۆ پەرەپێدان بە دامەزراوە ئایینییەکان، هەموو ئەمانە لەسەر بەستێنی گەندەڵییەکی دارایی دامەزراوەیی، چەندین تریلیۆن دۆلار لە سەروەت و سامانی خەڵکی ئەم وڵاتە و بەرهەمی ڕەنج و کاری ئەوانی بەفیڕۆ داوە. کاری گەیاندۆتە ئاستێک کە ئەمرۆ زیاتر لە ٧٠ لەسەدی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەم دۆخەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردە نائاساییی و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک لەشفرۆشی، ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان، گەڕان بەناو زبڵدان، خەوتنی منداڵانی کار لەناو کارتۆن و خۆکوشتن و هتد... هەر لەسەر ئەم بنەمایە و لە درێژەی سیاسەتێکی لەم شێوەیەدایە کە خامنەیی بەردەوام ڕەخنە لە بەرپرسانی خوارەوەی خۆی دەگرێت کە بۆچی شێلگیرانە سیاسەتی زیادکردنی ڕێژەی دانیشتووان جێبەجێ ناکەن

****

دواستون

## سەرکەوتنی دۆڕاوەکان

ن :سەلام قادری

دوانزە ڕۆژ شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتی ئایینی، کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی ئیسرائیل کە هەردووکیان دەستیان خوێناویە بە کوشتنی بە هەزاران ئینسانی بێتاوان بەوە کۆتاییهات کە هەردوو دەوڵەتەکە فوو بە سوڕنادا دەکەن کە سەرکەوتووی شەڕن
سەرەتا دەبێ بپرسین کاتێک باس لە شەڕی نێوان دوو دەوڵەت دەکرێ پێناسەی دۆڕان و سەرکەوتن چیە؟ ئەگەر ئەو ڕستەیە قبووڵ بکەین کە شەڕ درێژەی سیاسەتە، ڕەنگە ئەوەشمان قبووڵ بێت کە سیاسەت شکەستی خواردووە کە ئەو کێشانەی دەتوانرا لە ڕێگەی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت، چارەنووسیان بە هێزی بکوژ و کاولکارانەی شەڕ و کەرەستە جەنگییەکان سپێردراوە، کەواتە هەموو دوو دەوڵەتێکی شەڕکەر هەر ئەوەی کە سنووری سیاسەت دەرباز دەکەن و ناچار دەخزێنە مەیدانی شەڕەوە لە باری سیاسییەوە دۆڕاون. واتە شەڕ بە واتایەکی قووڵی ئینسانیی و کرداریی براوەی نییە و خودی شەڕ بە دەنگی بەرزی بۆمب و تەیارەکان هاوار دەکات کە سیاسەت شکەستی خواردووە. ئەوەش ڕوونە کە لە هەموو شەڕەکاندا هەردوو بەرە لە ڕێگای پڕوپاگاندای جەنگییەوە بەرگی دێموکراسی و ئازادی و بەرگریی پیرۆز دەکەنە بەر شەڕەکەیان، کە وابوو هەوڵ دەدەن لە شەڕی ڕیوایەتەکانیشدا ڕیوایەتی خۆیان و وێنای خۆیان لە ڕاستییەکان بسەلمێنن
ئێستا و بە دیاریکراوریی دوو بەرەی سەرەکی ئەم شەڕە وەکوو ژن و شوویەکن کە بە باشی کەوتوونەتە یەک و شەڕ و ئاشتییەکانیان ئەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. ئەگەر دەوڵەتی داگیرکەر و زیادەخوازی ئیسرائیل هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە مافی خەڵکی فەلەستینی بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە ڕەسمی بناسیبایە و لە شەڕە جۆراوجۆرەکاندا و بە پشتیوانی ئیمپریالیستەکان بە ملوێن ئینسانی بێتاوانی لە ماڵوحاڵی خۆی ئاوارە نەکردبایە، کۆماری ئیسلامی بەخۆ هەڵواسین بە کێشەیەکی ڕاستەقینە، کە کێشەی فەلەستینە، حەیا و ڕەوابوونی بۆ خۆی نەدەسەند و نەیدەتوانی بە دروستکردنی دەستە و تاقمی تیرۆریستی جۆراوجۆر هێز بنوێنێت و فرمێسکی درۆینە بۆ فەلەستین و فەلەستینییەکان بڕێژی. خەڵکی ئێران لەژێر سێبەری ئەم حکوومەتە هەمیشە دۆڕاوەدا ئاسایشی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و بگرە دەروونیشیان نییە، هەروا کە خەڵکی ئیسرائیل بەهۆی سیاسەتی ناڕەوا و کرداری جەنایەتکارانەی دەوڵەتە زیادەخوازەکەیانەوە بەردەوام خۆیان لە شەڕ و نا ئەمنیدا دەبیننەوە
دوا وتە ئەوەیە کە ئەم دوو دەوڵەتە کە تەواوی وەزەی ئەم دوو وڵاتەیان بۆ پەرەپێدان بە کەرەستەی شەڕ، چ ئەتۆمی و چ مووشکی خستووەتەگەڕ ناتوانن سەرکەوتووی هیچ شەڕێک بن مادامێ کە خودی هۆکار و بنەمای شەڕەکە ناڕەزایی کردار و سیاسەتیانە بە درێژایی مێژووی ڕژیمەکەیان. کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە پارێزەری موسڵمانانی جیهان دەناساند ئێستا لە جیهانی ئیسلامی و نائیسلامیدا بە تاق کەوتووەتەوە و ئابوورییەکەی داڕماوە، لە نێوخۆدا تووشی بێمتمانەیی و ناکۆکیە، وەزە ئەتۆمیەکەی خاپوور بووە، مووشەکەکانی تەنیا چەند دانەیەکی گەیشتووەتە شوێنی مەبەست و چەند بینایەکی مەدەنی وێرانکردوە، سەرکردە نیزامی و ئەتۆمییەکانی یەک لە دوای یەک کوژراون و سەرۆکەکەی کە دەتگووت لە لووتی فیل داکەوتووە، ئێستا کونە مشکی لێ بووەتە قەیسەری، بە هەموو ئەمانەشەوە هێشتا خۆ بەسەرکەوتوو دەزانێ بەرامبەر بە دەوڵەتی جەنایەتکاری ئیسرائیل کە لەباری نیزامییەوە لەم بەهێزترە، بەڵام ئەم هێزەی تەنیا توانایی تاوان خوڵقاندن و کاولکاری زیاتری هەیە

****